تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات XEBAT

پابەند دەبین

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5978) چوارشەممە 22ی تەممووز 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

فراکسیۆنی پارتی: مافی هیچ حزبێک نییە کارەکانی پەرلەمان پەکبخات و ناچینە ژێر گوشاری بڕیارێکی لەو جۆرە

3



بڕیارەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ هەڵپەساردنی کارەکانی سەرۆکی پەرلەمان و فراکسیۆنەکەیان لە پەرلەمانی کوردستان، کاردانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی لێکەوتەوە و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، ئومێد خۆشناو رایانگەیاند کە بەبێ یەکێتیش کۆبوونەوەی پەرلەمان پەك ناخەن و کۆبوونەوەکان دەکەن.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە زاخۆ پێشوازی لە خاتوو مریەم عەلی خێزانی شەهید و دایکی سێ شەهید دەکات



دوێنێ سێشەممە 2020/7/21 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە شاری زاخۆ پێشوازی لە خاتوو مریەم عەلی عوسمان کرد کە خێزانی شەهید ئەحمەد مەلا گولی و دایکی سێ شەهیدە بە ناوەکانی (مراد ، سامی ، نەزیر) . هەروەها نەوەیەکیشی شەهیدە بە ناوی (شەعبان خەلیل عەلی).

سەرۆکی حکوومەت لە ڕەوشی تەندروستی و گوزەرانی بنەماڵەکەیانی پرسی و ئاماژەی بەوەدا کە ئەرکێکی سەرەکییان خزمەتکردنی کەسوکاری سەربەزری شەهیدانە و هەرچی لە تواناماندا بێت دەیکەین بۆ خزمەتکردنیان. چونکە ئەو دەسکەوتەکانی هەمانە بەرهەمی قوربانیدان و خوێنی شەهیدەکانمانە.

سەرۆکی حکوومەت:
ڕەزامەندیمان لە سەر جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری لە زاخۆ داوە و بە پێی توانا داراییەکانی حکوومەت بەم نزیکانە دەست بە جێبەجێکردنیان دەکرێت

2



دوێنێ سێشەممە 21-7-2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی شاری زاخۆی کرد و لە باڵاخانەی قایمقامیەتی زاخۆ، لە گەڵ بەرپرسانی ئیداری دەڤەرەکە کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەکەدا سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بە گرنگیی و ڕۆڵی مێژوویی و شۆڕشگێڕانەی شاری زاخۆ و سنوورەکە بە گشتی و قوربانیدانەکانی کرد لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و گوتی، شاری زاخۆ هاوشان لە گەڵ ناوچە و دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان، شایستەی خزمەتکردنی زیاترە و هەرچی لە تواناماندا بێت دەیکەین بۆ خزمەتکردنی ئەم دەڤەرە.

سەرۆکی حکوومەت بەرپرسانی ئیداری دەڤەرەکەی ڕاسپارد کە بە بێ هیچ جیاوازییەك، خزمەتی هاوڵاتییان بکەن و داخوازیی و سەرنج و تێبینی و گازندەکانی هاوڵاتییان بە سینگێکی فراوانەوە وەربگرن.

3



د. مەحموود عوسمان:

پێویستە بەغدا زیاتر بێتە پێشەوە

هەرچەندە بڕیار بوو ڕۆژانی ڕابردوو شاندی هەرێمی کوردستان بۆ دانوستان سەردانی بەغدا بکات، بەڵام سەردانەکە دواخرا و سیاسەتمەدارێکی کوردیش پێی وایە، ئەرکی بەغدایە زیاتر بێتە پێشەوە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن.

2



مەحمود مەشهەدانی بۆ خەبات:

زۆر لە پەرلەمانتارە سوننە و شیعەکانی عێراق ڕێز لەخۆیان ناگرن

مەریوان نەقشبەندی: سەرۆکی پێشووتری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە خەبات باسی هۆکاری دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ لە کاروباری ناوخۆی عێراق دەکات و دەڵێ زۆربەی پەرلەمانتارانی سوننە و شیعەی عێراق ڕێز لەخۆیان ناگرن و دەڕۆن لە ئێران و عەمان گلەیی لە حکوومەت و دەوڵەتی عێراق دەکەن.

4



د.نەجمەدین کەریم:

کەرکووک بکرێتە هەرێمێکیش هەر بەشێکە لە کوردستان

د. نەجمەدین کەریم سیاسەتمەداری کورد، دەڵێ: تورکیا پێش هێرشەکان نوێنەری ناردووەتە بەغدا و حکوومەتی عێراقیشی ئاگادارکردووەتەوە, دەشڵێت: قەوارەی هەرێمی کوردستان لە حزبەکان گەورەترە, بەراوردی دۆخی هەرێم بکەین بە پارێزگاکانی عێراق لە هەموو ڕوویەکەوە هەرێم پێشکەوتووترە, ئێمە ئەمڕۆ پەرلەمانتارمان هەیە، لە بەغدا دەیەوێت هەرێمی کوردستان قەوارەکەی نەمێنێت.

5



سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر:

داوام کردووە هەرێم وەک یەک بازنە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت

عەلی ڕەشید سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر دەڵێت، لە هەموو کۆبوونەوەکان من داوام کردووە کە هەرێمی کوردستان وەکو یەك بازنە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت وە ئەم خاڵە پشکنینانەی کە دانراوە بۆ کەرەنتینە کردنی پارێزگاکانە وەکو قەدەغەی هاتوچۆ هەڵبگیرێت.

5



سەرکردەکانی یەکێتیی ئەورووپا لەسەر بەرنامەی ڕزگارکردن و بوودجە گەیشتنە ڕێککەوتن

3



بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەت بە بڕی 50 ملیار دینار پرۆژە لە سنووری زاخۆ ئەنجام دەدرێن

دوێنێ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی قەزای زاخۆی کرد، پارێزگاری دهۆکیش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی، لە میانی سەردانەکەیدا، سەرۆکی حکوومەت بڕیاری دا کە بە بڕی 50 ملیار دینار پرۆژە بۆ سنووری قەزای زاخۆ ئەنجام بدرێن.

7

حکوومەت کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبای نیشتمانی زیاد دەکات



لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان 253 هەزار پێوەری زیرەکی کارەبا بەستراوە

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی شاری زاخۆ دەکات و لەگەڵ بەرپرسانی ئیداری و کەسایەتییەکانی شارەکە کۆدەبێتەوە

سەرۆکی حکوومەت: ڕەزامەندیمان لە سەر جێبەجێکردنی چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاری لە زاخۆ داوە و بە پێی توانا داراییەکانی حکوومەت بەم نزیکانە دەست بە جێبەجێکردنیان دەکرێت



شاری زاخۆ شایستەی خزمەتکردنی زیاترە و هەرچی لە تواناماندا بێت دەیکەین بۆ خزمەتکردنی ئەم دەڤەرە



دوێنێ سێشەممە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی شاری زاخۆی کرد و لە باڵاخانەی قایمقامیەتی زاخۆ، لە گەڵ بەرپرسانی ئیداری دەڤەرەکە کۆبووەوە.

لە کۆبوونەکەدا سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بە گرنگیی و ڕۆڵی مێژوویی و شۆڕشگێڕانەی شاری زاخۆ و سنوورەکە بە گشتی و قوربانیدانەکانی کرد لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و گوتی، شاری زاخۆ هاوشان لە گەڵ ناوچە و دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان، شایستەی خزمەتکردنی زیاترە و هەرچی لە تواناماندا بێت دەیکەین بۆ خزمەتکردنی ئەم دەڤەرە.

سەرۆکی حکوومەت بەرپرسانی ئیداری دەڤەرەکەی ڕاسپارد کە بە بێ هیچ جیاوازییەک، خزمەتی هاوواڵاتیان بکەن و داخوازیی و سەرنج و تێبینی و گازندەکانی هاوواڵاتیان بە سینگێکی فراوانەوە وەربگرن.

پاشان سەرۆکی حکوومەت لە گەڵ کەسایەتییەکانی شاری زاخۆ و کەسوکاری شەهیدانی دەڤەرە کۆبووەوە و ئاماژەی بە کارنامە و پلانەکانی حکوومەت کرد بۆ خزمەتکردنی ناوچە و دەڤەرە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و ئەنجامدانی چاکسازیی هەمەلایەنی کارگێڕی و ئابووریی.

سەرۆکی حکوومەت جەختی لەوە کردەوە کە یەکێک لە کارە لە پێشینەکانی حکوومەتی هەرێم، گرنگیدانە بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و پشتگیریکردنی جووتیارانی هەرێمی کوردستان و بەرووبوومی ناوخۆییە بە شێوەیەک کە کۆمەڵگەی کوردستان لە بەکارهێنەرەوە ببێتە بەرهەمهێنەر.

سەرۆکی حکوومەت بڕیاری ئەنجامدانی چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاریی لە سنووری قەزای زاخۆ ڕاگەیاند کە بە پێی توانا داراییەکانی حکوومەتی هەرێم بەم نزیکانە دەست بە جێبەجێ کردنیان دەکرێت.

گوتیشی کار دەکەین بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی کردنی زاخۆ بە ئیدارەیەکی سەربەخۆ خێراتر بکەین.

سەرۆکی حکوومەت بەرپرسانی ئیداری دەڤەرەکەی ڕاسپارد کە بە بێ هیچ جیاوازییەک، خزمەتی هاوواڵاتیان بکەن و داخوازیی و سەرنج و تێبینی و گازندەکانی هاوواڵاتیان بە سینگێکی فراوانەوە وەربگرن.

پاشان سەرۆکی حکوومەت لە گەڵ کەسایەتییەکانی شاری زاخۆ و کەسوکاری شەهیدانی دەڤەرە کۆبووەوە و ئاماژەی بە کارنامە و پلانەکانی حکوومەت کرد بۆ خزمەتکردنی ناوچە و دەڤەرە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و ئەنجامدانی چاکسازیی هەمەلایەنی کارگێڕی و ئابووریی.

سەرۆکی حکوومەت جەختی لەوە کردەوە کە یەکێک لە کارە لە پێشینەکانی حکوومەتی هەرێم، گرنگیدانە بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و پشتگیریکردنی جووتیارانی هەرێمی کوردستان و بەرووبوومی ناوخۆییە بە شێوەیەک کە کۆمەڵگەی کوردستان لە بەکارهێنەرەوە ببێتە بەرهەمهێنەر.

سەرۆکی حکوومەت بڕیاری ئەنجامدانی چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاریی لە سنووری قەزای زاخۆ ڕاگەیاند کە بە پێی توانا داراییەکانی حکوومەتی هەرێم بەم نزیکانە دەست بە جێبەجێ کردنیان دەکرێت.

گوتیشی کار دەکەین بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی کردنی زاخۆ بە ئیدارەیەکی سەربەخۆ خێراتر بکەین.

مەحمود مەشهەدانی بۆ خەبات:

زۆر لەپەرلەمانتاره سوننە و شیعەکانی عێراق ڕێز لەخۆیان ناگرن

خەبات: مەریوان تەقشبەندی

سەرۆکی پێشووتری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە خەبات باسی هۆکاری دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ لە کاروباری ناوخۆی عێراق دەکات و دەڵێ زۆربەی پەرلەمانتارانی سوننە و شیعەی عێراق ڕێز لەخۆیان ناگرن و دەڕۆن لە ئێران و عەمان گلەیی لە حکوومەت و دەوڵەتی عێراق دەکەن.

مەحمود مەشهەدانی کەسایەتی عەرەبی سوننەمەزهەب و سەرۆکی پێشووتری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بەداخەوە عێراق بۆتە گۆڕەپانی دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ لەڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازیشەوە، هۆکارەکەیشی بۆ ڕێزنەگرتنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانە لە سەرۆکی وەزیران و سەرۆکی پەرلەمانتارانی سوننە و شیعە دەگەڕێنێتەوە.



سەرۆری و بڕیاری سیاسیی عێراق و ڕۆژنێک لەپەرلەمانتارانی سوننەی عێراق دەڕۆن لەعەمان دادەنیشن و منداڵ و کەسوکاریان لەوێ دەژین و ڕۆژ لەپەرلەمانتارانی شیعەش دەڕۆن بەماڵ و منداڵەوە بۆ ئێران هەروەک بڵێی ئێرانین و بە ئەرکێک هاتوونەتە عێراق، لەوەش خراپتر ئەوەیە کە ئەم ئەندامانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڕۆن لەئێران و ئەردەن و لوبنان و تورکیاوە لە میدیاکان وا قسە دەکەن کەعێراق هیچی بەسەر هیچەوە نییە و گەندەڵی و تانیفیەت هەموو دەمارەکانی دەوڵەتی عێراقی گرتووە و هیچ ئومێدێک بۆ چارەسەرکردنی نییە.

مەشهەدانی لە دریژەی لێدوانەکەیدا پرسیاری ئەوە دەکات ئاخۆ ئێوە بینیوتانە پەرلەمانتارێکی ئەردەن یان ئێران یان تورکیا یان هەر وڵاتێکی دراوسێ بێت لە عێراقەوە گلەیی و سووکایەتی بە حکوومەت و سەرۆری وڵاتەکەی خۆی بکات؟! سەبارەت بە پەرلەمانتارانی کوردیش لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: پەرلەمانتارە کوردەکان ئەگەرچی ئێستا بەهۆی خیلافاتی حزبی خۆیانەوە وەک کوتلەیەکی یەکگرتوو دەرناکەون، بەڵام زیاتر بە پەرلەمانتاری کوردستان دەردەکەون و زۆر گوێ بە وەزعی ناوەڕاست و باشووری عێراق نادەن و سیادەی عێراقیش لەلای ئەوان شتێکی لاوەکییە، تەنانەت ئەو یەک دووانەشیان کە باس لە سەروەریی عێراق دەکەن و دەڵێن با سوپای عێراق بڕواتەوە بۆ هەرێم، ئەوە بەهۆی کێشەی شەخسیی خۆیانە لەگەڵ هێزە گەورەکانی هەرێمی کوردستان و سوود لەتەنگژەی نێوان هەولێر و بەغدا و دواکەوتنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم وەردەگرن.

شارەزایەکی بواری نەوت: پێشبینی دەکرێت دوای کۆرۆنا نرخی نەوت بە شێوەی بەرچاو بەرز بێتەوە

شارەزایەکی بواری نەوت ئاماژە بەوە دەدات لەوتەی نەوت بووتەوە پێویستی جیهانی، ئەوە زیاتر لە دەیەم جارە نرخەکەی بە شێوەی بەرچاو دادەبەزێت، بەڵام هەموو جارێک دواتر ڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە، کە لە هەندێکیان نرخەکەی زۆر لەو ئاستە بەرزتربووە کە پێش داڕمانەکە هەیبووە، پێشبینی دەکات دوای نەمانی کۆرۆنا بەرزبوونەوەی نرخی نەوت زیاتر بێت لەو دەیەم جارەی پێشوو. پڕۆفیسۆر د. هاوڕێ مەنسوور بەگ، دکتۆرا لە جیۆلۆجیای کانزاکانی نەوت، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: پێشبینی هەیە دوای نەمانی پەتای کۆرۆنا، نرخی نەوت بە شێوەی بەرچاو بەرز بێتەوە و چاوەڕوان کراوە نرخی نەوت لە دوای کۆرۆنا بەرزبوونەوە بە خۆیەوە ببینێت، چونکە ئێستا بە ملیۆنان بارهەڵگر (تانکەری نەوت) چالاکییەکانیان خاو بووەتەوە، هەروەها فڕۆکە و کەشتییەکان کە نەوت سەرچاوەی وزەیانە وەستاون، یان بە خاوی کار دەکەن، هەروەها زۆرێک لە کارگەکان کە پێوستیی زۆریان بە موشتەقاتەکانی نەوتە ئەوانە هەمووی نێستا وەکوو پێشتر لە کاردا نین، جوولەکردنەوەی ئەوانە سەرەتایەک دەبێت بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت کە ڕەنگە لە ماوەیەکی نزیکدا ئەوە ڕوو بدات، بەتایبەتی کە ئێستا هەواڵی دڵخۆشکەر هەیە بۆ گەیشتن بە ڤاکسینی کۆرۆنا.

ئەو شارەزایە لە کەرتی نەوت، ئەوەشی خستەڕوو: کە ماوەی ساڵێک دەبێ پارەش بۆ دۆزینەوەی کانی نەوت خەرج نەکراوە کە بەهۆی ئەوەشەوە چالاکیی ئەو کەرتە سست بووەتەوە، بە شێوەیەک هەموو کارگەکان لە سووڕی سڕبوونن، بەڵام ئێستا وەکوو دەرکی پێ دەکرێ خەریکی جوولەکردنەوەن بەتایبەتی وڵاتە پیشەسازییەکان وەکو چین و ئەمریکا و ئەوروپا، بە شێوەیەک پێشبینی هەیە ئەو خواستەی بە خێرایی لەسەر نەوت زیاد دەکاتەوە و بەرهەمهێنان لە بەرامبەری کەم بێت کە ئەوەش بێگومان نرخی ئەو وزەیە لە بازاڕەکاندا بەرز دەکاتەوە. گوتیشی: خاڵێکی دیکەش ئەوەیە ماوەیەکە کارگەکانی بەرهەمهێنانی نەوت وەستاون، بەرزبوونەوەی ئەو خواستەی وڵاتان بۆ نەوت ئەگەری ئەوە هەیە ئەو کارگانە لە سەرەتادا هەر نەتوانن ئەو بەرهەمە زۆرەی کە خواستی لەسەرە، دابینی بکەن کە جوولەکردنەوەیان وەکوو پێشتر کاتی پێویستە، لەبەرئەوە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت زۆر بە خێرایی ڕوو دەدات، چونکە بۆ ئەوەی هاوتەریب لەگەڵ خواستدا نرخی نەوت ڕابگیرێ، بەردەوام پێویستە بە چالاکی و دەرهێنان و دۆزینەوەی کانی نوێ هەیە، ئەوەش ماوەیەکە لەگەڵ نەبوونی خواستدا وەستاوە ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت کاتی نەبێت و ماوەیەک بخایەنێ. هاوڕێ مەنسوور بەگ، جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە: دابەزینەکانی پێشووی نرخی نەوت بەبێ بوونی کۆرۆنا بووە و خواست هەر هەبووە، بەڵام کەم بووەتەوە، بەڵام ئەمجارەیان لەگەڵ نەمانی کۆرۆنا پێشبینی هەیە زۆر زیاتر بەرز ببێتەوە چونکە کڕیارانی نەوت لە قۆناغی سڕبوونداببوون و دووبارە دەگەڕێنەوە سەر چالاکییەکانیان.

بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەت بە بڕی 50 ملیار دینار پڕۆژە لە سنووری زاخۆ ئەنجام دەدرێن



دوێنێ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی قەزای زاخۆی کرد، پارێزگاری دهۆکیش لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا گوتی، لە میانی سەردانەکەیدا، سەرۆکی حکوومەت بڕیاری دا کە بە بڕی 50ملیار دینار پڕۆژە بۆ سنووری قەزای زاخۆ ئەنجام بدرێن. پارێزگاری دهۆک، عەلی تەتەر، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا رایگەیاند: سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی زاخۆی کرد و پێش ماوەیەک دیراسە کرابوو، کە ئەو پرۆژانەی پێویستن و پەیوەندییان بە ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە هەیە و داواکاریی خەڵک بوون، پێویستیان بە 50ملیار دینار هەبوو، کە ئەو پرۆژانە و پرۆژەکانی دیکەش بەسەر هەموو ناوچەکانی سنووری زاخۆ دابەش کراون و یەکێک لەو پرۆژانەش شەقامی نێوان زاخۆ و ئیبراهیم خەلیل و تەواوکردنی شەقامی ئیبراهیم خەلیل بۆ دێرەبینە لەگەڵ ئەو پرۆژەی لە چیای سپی بۆ گەمێل و پرۆژەیەکی دیکەشە کە ئەویش ئاوی باتیفایە، کە پرۆژەیەکی ستراتیژییە و کێشەی کەمئاویی ئەو ناوچەیە بە تەواوی چارە دەکات.

تەتەر گوتیشی: کێشەیەکی دیکە لەناو شاری زاخۆ هەبوو، کە خەڵک داوای دەکرد ئەویش شەقامی زاخۆ بۆ زانکۆی زاخۆ بوو، کە ئۆقەرپاسی نەبوو و ئەویش لەسەر داوای خەڵک جێبەجێ دەکرێت و دەیان پرۆژەی دیکەش هەن کە پەیوەندییان بە ئاو و کارەبا و تەندروستی و پەروەردە و قیرتاوکردنی چەندین کۆڵان و چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی چەند گەڕەکێک و دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ شوقەکانی خەڵکی کەمدەرامەت و چارەکردنی کێشەکانیان. تەتەر دەشڵێ: هەر سێ ناحیە و قایمقامیەتی زاخۆ ئەو پرۆژانەی کە بە پێویستیان زانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رەزامەندیی لەسەر هەموویان دا و ئەو پرۆژانەش کە دریژخایەنن، ئەوانیش لە بەرچاو دەگیرێت و بەردەواملییان پێ دەدرێت.

فراکسیۆنی پارتی: مافی هیچ حزبێک نییە کارەکانی پەرلەمان پەکبخات و ناچینە ژێر گوشاری بڕیارێکی لەو جۆرە

پابەندی ئەو ڕێککەوتنانەین کە پێشتر کردوومانە



بڕیارەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ هەڵپەساردنی کارەکانی سەرۆکی پەرلەمان و فراکسیۆنەکەیان لە پەرلەمانی کوردستان، کاردانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی لێکەوتەوە و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، ئومێد خۆشناو رایانگەیاند کە بەبێ یەکێتیش کۆبوونەوەی پەرلەمان پەک ناخەن و کۆبوونەوەکان دەکەن.

ئومێد خۆشناو لە لێدوانێکدا گوتی: ئێمە بەڕوونی بە هەڤالانمان لە فراکسیۆنی یەکێتی و بە سەرۆک و جێگری سەرۆکی پەرلەمانمان گوتووە کە بە هیچ جۆرێک وەک فراکسیۆنی پارتی ناچینە ژێربارێ هیچ بڕیارێک و ئەوە مافی هیچ حزبێک نییە کە بیانەوێت کارەکانی پەرلەمان پەکبخەن.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان راشیگەیاندووە: ئێمە وەک فراکسیۆنی پارتی ئەو بڕیارەی یەکێتی بە بڕیارێکی خراپ دەبینین، هیچ حزبێک ئەو مافەی نییە بیەوێت کارەکانی پەرلەمان پەکبخات، پێمان وایە هیچ هۆکارێکی سیاسیی نابێت ببێتە هۆی ئەوەی کارەکانی پەرلەمان پەکبخرێت، دەبێت ئێمە هەردوو فراکسیۆنی یەکێتی و پارتی هاوکاربین کە سەرکردایەتییەکانمان ڕێک بکەون و دانیشتنیان هەبێت، تەئکیدیش دەکەینەوە وەک پارتی پابەندی ئەو ڕێککەوتنانەین کە پێشتر کردوومانە و لەگەڵ نەفەسی تەوافقدا‌ین و لەگەڵ زۆرینە و کەمینە نین. گوتیشی: پەرلەمان دامەزراوەیەکی نیشتمانییە ناکرێت لە مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتییەکانەوە بڕیار لە پەکخستن یان کرکردنی بدرێت بۆیە ئومێدەوارین برادەرانمان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەو بڕیارەیاندا بچنەوە.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەیش دا "لەگەڵ فراکسیۆنی یەکێتی و سەرۆکی پەرلەمانیش قسەمانکردووە بەڕوونی پێیان گوتین کە بڕیاری سەرکردایەتییەکەیان ئەوەیە کە کۆبوونەوەی پەرلەمان نەکرێت تاوەکو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و پارتی کۆدەبێتەوە، ئێمەش بەڕوونی پێمان گوتن کە پابەندین بەو ڕێککەوتنانەی کە لە رابردوو هەمانبووە و بەردەوامی بە کارەکان دەدەین، پێشمان گوتن کە لەگەڵ ئەو بڕیارەدا نین و ناچینە ژێر فشاری بڕیارێکی لەو جۆرە".

جێی باسە بڕیاربوو هەفتەی داهاتوو پەرلەمانی کوردستان قسە لەسەر پرسەکانی بژردومانەکانی ناوچە سنووربییەکان، کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان، بابەتی تەندروستیی، ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، قەرزەکانی حکوومەت و مووچە و ژیانی خەڵک بکات و بەگوتەی ئومێد خۆشناو دوێنێ سێشەمەش وەڵامی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گەڕاوەتەوە بۆ پەرلەمان و ئامادەییان نیشان داوە و وەزیرە پەیوەندیدارەکان بانگهێشتکراوەکان کە هەفتەی داهاتوو لە پەرلەمان ئامادەبن.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی پەرلەمانی دایەوە

لیژنەی یاسای پەرلەمان کوردستان لەسەر ئامادەکردنی دوو پرۆژەیاسا لە کۆبوونەوە دایە کە یەک لە پرۆژەکان حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندیی لەسەر نیشان داوە. خەدیجە مزووری، ئەندامی لیژنەی یاسای پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاندووە: کاتژمێر 11ی دوێنێ سێشەمە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بۆ نووسینی ڕاپۆرت لەسەر دوو پرۆژەیاسا کۆبوونەوە.

لەبارەی پرۆژە یاساکان ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی: پرۆژە یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش کە پێشتر خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و دواتر ئاراستەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کراوەیەوە و ئەوانیش وەڵامیان داوتەوە و لەسەر تێبینییەکانی حکوومەت ڕاپۆرت دەنووسین و دەدرێتەوە بە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بۆ ئەوەی خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت. لەبارەی پرۆژەکەی دیکەشەوە خەدیجە مزووری گوتی: ئەو پرۆژەیە بەناوی "پرۆژەیاسای لەخۆگرتنی فەرمانبەرانە" ئەو پرۆژەیە ڕاپۆرتی لەسەر ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت. ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بەوەش کرد: دوای تەواوکردنی، ڕاپۆرتەکان دەدرێنە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بۆ ئەوەی بخرێنە بەرنامەی کارەوە.

د. مەحموود عوسمان:
پێویستە بەغدا زیاتر بێتە پێشەوە

هەرچەندە بڕیار بوو ڕۆژانی ڕابردوو شاندی هەرێمی کوردستان بۆ دانوستان سەردانی بەغدا بکات، بەڵام سەردانەکە دواخرا و سیاسەتمەدارێکی کوردیش پێی وایە، ئەرکی بەغدایە زیاتر بێتە پێشەوە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن و دەشڵێ، بەغدا خۆی ڕەوشی ئەوەندە باش نییە. د. مەحموود عوسمان، سیاسەتمەداری کورد، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بەشێک لە کوتلەی شیعە و سوننە کێشە بۆ ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا دەنێنەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ داواکاریی زیاتریان هەیە لە هەرێمی کوردستان، پێشتر حکوومەتی فیدراڵ داوای نەوتی دەکرد و دواتر داوای ڕادەستکردنی داهات و ئێستایش داوای زیاتریان هەیە، ئەوەش بە ئەرێنی نابینم.

ئەو سیاسەتمەدارەی کورد ئەوەش دەڵێت: حکوومەتی عێراق خۆی کێشەی هەیە و پێویستە بەغدا زیاتر بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان بێتە پێشەوە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن و چارەکردنی کێشەکان.

بە گوتەی د. مەحموود، ڕەوشی عێراق تا دێت بەرە و ئاڵۆزیی زیاتر دەچێت و ئەگەر کێشە ناوخۆییەکانی عێراق چارە نەکرێن، ئەوا پێشبینی دەکرێت ڕەوشی عێراق لەوەش خراپتر بێت و دەستی دەرەوەش کەم نین لەنێو کاروباری ناوخۆی عێراقدا.

فراکسیۆنی گۆڕان دژی پەکخستنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان هاتە دەنگ

فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان دژی پەکخستنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند. لە بەیاننامەیەکدا فراکسیۆنی گۆڕان ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوان داوایان کردووە دانیشتن و بەدواداچوونی ورد بۆ چەند پرسێک بکرێت لە نێویاندا، پرسی دۆخی دارایی و مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، پرسی خالە سنووربییەکان و ئەو قاچاخچێتی و گەندەڵکارییانەی تێیاندا ئەنجام دەدرێت، دەرکردنی یاسایەکی گشتگیر و هەمەلایەنەی چاکسازی، پرسی ناوچە کوردستانییەکان و لەشکرکێشی و تۆپبارانەکانی تورکیا و ئێران و دۆخی ناوچەکوردستانییەکان.

هاوکات ئەوەش ئاشکرا کراوە کە کوردستان لە دۆخێکی ئاڵۆزدا تێپەڕ دەبێت و هەموان پێویستییان بە کارکردنە لەسەر ئاستی نیشتمانی و چاکسازیی بنەڕەتی کە دەبێت پەرلەمانێکی کارا ئەم ڕۆڵ و ئەرکە ببینێت، بەڵام "بەداخەوە ئاراستەی کارکردنی دەستەی سەرۆکایەتی بە ئاراستەی پەکخستنی دانیشتنەکانی پەرلەمان و تێکەڵکردنی پەرلەمانی کوردستان بە ململانێی حیزبەکان "هەنگاو دەبێت.

بە پێویستیشی زانیوە، تەواوی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان هەماهەنگ بن و فشار بۆ دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان، تایبەت بە کێشەکانی خەڵکی کوردستان بکەن. پێشتریش ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پریس کۆنفرانسێکدا رایگەیاند، سەرکردایەتیی یەکێتی بڕیاری پەکخستنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستانی داوە، بەڵام ئەوان دژی پەکخستنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستانن و "بە ڕوونی بە فراکسیۆنی یەکێتیمان گوتووە، وەکوو فراکسیۆنی پارتی ناچینە ژێر هیچ فشارێکەوە."



پارتی پیرۆزبایی لە سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی پارتی کریستیان دیموکراتی هۆڵەندی دەکات

پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێگەی لێژنەی ناوچەی (پ.د.ک) لە ئەمستردام، پیرۆزباییەنامەیەکی ئاراستەی بەڕێز (هۆگۆ یونگە) ی سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی پارتی کریستیان دیموکراتی هۆڵەندی CDA کردووە بە بۆنەی سەرکەوتنی کۆنگرەی تازەی پارتەکەیان و دەستنیشانکردنی ناوبراو بە سەرۆکی تازەی پارتی کریستیان دیموکراتی هۆڵەندی، کە هاوکات بەڕێز گۆگۆ جێگری سەرۆکوەزیران و پۆستی وەزیری تەندروستی لە کابینەی حوکمڕانی ئەم وڵاتە دا هەیە.

لە پیرۆزباییەنامەکەدا جەخت لە سەر بەرەودان بە پەیوەندییەکانی دەرەوەی نێوان هەردوو پارتی دۆست KDPو CDA کراوەتەوە و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ناوی سەرکردایەتی پارتییەوە هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی بەردەوامی بۆ پارتی کریستیان دیموکراتی هۆڵەندی و سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی پارتی ناوبراو بەڕێز هۆگۆ یونگە خواستووە، هەروا سەرۆکی پارتی CDAی بانگهێشتی هەرێمی کوردووە، پارتی دیموکراتی کوردستان لە پیرۆزباییەنامەکەیاندا سوپاس و ستایشی پشتگیری بەردەوامی وڵاتی شاهانەی هۆڵەندا و دامەزراوەکانی حکوومەتی ئەم وڵاتەیان کردووە لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و ئەزموونی دیموکراسی و گەشەپێدان و سەقامگیری لە کوردستاندا.

پارتی کریستیان دیموکراتی هۆڵەندی لە 1926دامەزراوە و لە مێژووی هاوچەرخی خۆیدا گۆڕانکاری بنەڕەتی ئەنجامداوە و بە تایبەتی لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەسەڵاتدار بووە و لە ئێستاشدا بەشدارە لە هاوپەیمانی حوکمڕانی لە هۆڵەندا لەگەڵ پارتەکانی: لیبەراڵی هۆڵەندی vvd؟ پارتی دیموکراتی 66 "D66" ؟ پارتی کریستیان یونیۆن " ...CU" پارتی کریستیان دیموکراتی هۆڵەندی پارتێکی ڕاستڕەو و میانڕەوە و هەڵگری بیری لیبەراڵیبە و لە بەرەی پارتەکانی گەلی ئەوروپایە و لە دوا هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەم وڵاتەدا خاوەنی 19کورسی لە پەرلەمان و لە سەناتی ئەم وڵاتەش خاوەنی 9 کورسییە و لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپاشدا لە مانگی گوڵانی 2019دا توانی 5کورسی لە کۆی 26 کورسی کە ڕێژەی وڵاتی شاهانەی هۆڵەندایە لە یەکێتییەکەدا مسۆگەر بکات.

پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕابردوودا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ سەرجەم پارتە سیاسییەکانی وڵاتی شاهانەی هۆڵەندادا بنیادناوە و لە هەرێمی کوردستانیش پێشوازی لە شاندەکانی حزبی، پەرلەمانی و حکوومی ئەم وڵاتە کردووە و بە هەمان شێوەش پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ باڵوێزخانەی ئەم وڵاتە لە بەغداو کونسوڵگەری گشتی هۆڵەندا لە هەرێمی کوردستان، هۆڵەندا وەک ئەندامێکی چالاک لە یەکێتی ئەوروپا و لە هاوپەیمانی نیودەوڵەتی لە شەڕی تیرۆر دا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە لە چەندین بواردا و دیاسپۆرای کوردستانیش لەم وڵاتە چالاک و کاریگەرن لە گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی هۆڵەندی/ کوردی لەم وڵاتە دا .

بۆ دواجار لە نۆڤەمبەری 2019 شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) سەردانی وڵاتی شاهانەی هۆڵەندای کردبوو و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە و شاندی یاوەری لە پەرلەمانی هۆڵەندا لە دەنهاخ لەگەڵ ژمارەیەک لە پارتە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە و بەرپرسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پارتە ناسراوەکانی هۆڵەندی بەشدار لە حوکمڕانی ئەم وڵاتەدا کۆبوونەوە بۆ گەیاندنی دیدگا و پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر دۆخی سیاسی هەرێم و ناوچەکە و شیکردنەوە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و پرسی دەستوور و کێشە سیاسییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و پەرەسەندنەکانی کە لە ناوچەکە ڕوودەدەن و کاریگەرییان لەسەر دۆزی کورد و هەرێمی کوردستانەوە هەیە و بۆ فراوانترکردنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) لەگەڵ پارتە سیاسییە ناسراوەکانی هۆڵەندی و ئاشناکردنیان بە پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان و هاندانیان بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتی شاهانەی هۆڵەندا و هەرێمی کوردستان لە بواری سیاسی، دیپلۆماسی، ئابووری و بازرگانی و چەندین لایەنی ترەوە.

سیاسییەکانی وڵاتی شاهانەی هۆڵەندادا بنیادناوە و لە هەرێمی کوردستانیش پێشوازی لە شاندەکانی حزبی، پەرلەمانی و حکوومی ئەم وڵاتە کردووە و بە هەمان شێوەش پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ باڵوێزخانەی ئەم وڵاتە لە بەغداو کونسوڵگەری گشتی هۆڵەندا لە هەرێمی کوردستان، هۆڵەندا وەک ئەندامێکی چالاک لە یەکێتی ئەوروپا و لە هاوپەیمانی نیودەوڵەتی لە شەڕی تیرۆر دا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە لە چەندین بواردا و دیاسپۆرای کوردستانیش لەم وڵاتە چالاک و کاریگەرن لە گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی هۆڵەندی/ کوردی لەم وڵاتە دا .

بۆ دواجار لە نۆڤەمبەری 2019 شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) سەردانی وڵاتی شاهانەی هۆڵەندای کردبوو و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە و شاندی یاوەری لە پەرلەمانی هۆڵەندا لە دەنهاخ لەگەڵ ژمارەیەک لە پارتە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە و بەرپرسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پارتە ناسراوەکانی هۆڵەندی بەشدار لە حوکمڕانی ئەم وڵاتەدا کۆبوونەوە بۆ گەیاندنی دیدگا و پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر دۆخی سیاسی هەرێم و ناوچەکە و شیکردنەوە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و پرسی دەستوور و کێشە سیاسییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و پەرەسەندنەکانی کە لە ناوچەکە ڕوودەدەن و کاریگەرییان لەسەر دۆزی کورد و هەرێمی کوردستانەوە هەیە و بۆ فراوانترکردنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) لەگەڵ پارتە سیاسییە ناسراوەکانی هۆڵەندی و ئاشناکردنیان بە پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان و هاندانیان بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتی شاهانەی هۆڵەندا و هەرێمی کوردستان لە بواری سیاسی، دیپلۆماسی، ئابووری و بازرگانی و چەندین لایەنی ترەوە.

د.نەجمەدین کەریم:

کەرکووک بکرێتە هەرێمێکیش هەر بەشێکە لە کوردستان

هەرێمی کوردستان لە هەموو ڕووێکەوە لە پارێزگەکانی دیکەی عێراق پێشکەوتووترە



د. نەجمەدین کەریم سیاسەتمەداری کورد، دەڵێ: تورکیا پێش هێرشەکان نوێنەری ناردووەتە بەغدا و حکومەتی عێراقیشی ئاگادارکردووەتەوە وەدشڵێت: قەوارەی هەرێمی کوردستان لە حزبەکان گەورەترە وبەراوردی دۆخی هەرێم بکەین بە پارێزگاکانی عێراق لە هەموو ڕووبەکەوە هەرێم پێشکەوتووترە، ئێمە ئەمڕۆ پەرلەمانتارمان هەیە، لە بەغدا دەیەوێت هەرێمی کوردستان قەوارەکەی نەمێنێت، ئەمە دەنگی ئەو کەسانەیە کە دژی ئەوەن خەڵکی کوردستان سەربەخۆ بێت، دەبێت خەڵکی کوردستان لە کوردستان چارەسەری بکات نەک لە بەغدا داوای ئەوە بکات مووچەی لێبسڕێت و کوردستان پارێزگایەکی لێ جیابکرێتەوە و بخرێتە سەر بەغدا یان مووچەی لەگەڵ بەغدا بەیەکەوە وەربگرێت، بەدڵنیاییەوە ئەمە هەوڵە بۆ لێدانی قەوارەی هەرێم و هانیش دەدرێن لەلایەن حزب و لایەنی سیاسی جیاواز لە بەغداوە.

هەڵوێستی ئەو حزبانەی ئێستا لە کەرکووک ماونەتەوە زۆر سستە و بێدەنگن

- دیمۆگرافییاکەی ناو کەرکووک بەتەواوەتی گۆڕدراوە

- خەڵکانێک هێندراونەتە کەرکووک و ڕێگەیان پێدراوە هەموو زێدەڕۆییەک بکەن

- تورکیا حکوومەتی عێراق لە هێرشەکان ئاگادار دەکاتەوە



د. نەجمەدین کەریم سیاسەتمەداری کورد لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا دەڵێ: بەڕاستی ئەم هێرشەی تورکیا فراوانترە کە لەسەر سنووردکان هێرش دەکات، بێدەنگیش هەیە لە ئەوروپا و ئەمەریکاوە بەرانبەر ئەم هێرشانە، کە زیاتر خەڵکی سڤیلی گرتووەتەوە نەک تەنیا کورد و موسوڵمانەکان، بەڵکوو دیانەتی تریشی گرتووەتەوە لە شنگال و شوێنی تر ئێزیدییەکانی گرتووەتەوە، بەداخەوە یو ئێن یش لەمەدا بێدەنگە وەکو لە زۆر شتی تردا بەرانبەر بە کوردستان بێدەنگە، لەو بڕوایەدام تورکیا پێش هێرشەکان نوێنەری ناردووەتە بەغدا و حکومەتی عێراقی ئاگادارکردووەتەوە.

پەرلەمانتاری کورد هەیە دەیەوێت قەوارەی هەرێم نەمێنێت

د. نەجمەدین کەریم سەبارەت بە هەڵوێستی نەتەوەیی هەندێ پەرلەمانتاری کورد لە بەغدا، گوتی: ئێمە ئەمڕۆ پەرلەمانتارمان لە بەغدا هەیە، دەیەوێ هەرێمی کوردستان قەوارەکەی نەمێنێت، ئەمە دەنگی ئەو کەسانەیە کە دژی ئەوەن خەڵکی کوردستان سەربەخۆ بێت. د. نەجمەدین کەریم گوتیشێ ڕاستە ژمارەکەیان چەند کەسێکن، بەڵام ئەمە دەنگێکە وەکو دەنگێکی ئۆپۆزیسێۆن نیشاندەدرێت، لە ڕاستیدا ئەمە دەنگی ئەو کەسانەیە، کە دژی ئەوەن خەڵکی کوردستان سەربەخۆ بێت، هەر کەموکوڕییەک هەبێت، دەبێت خەڵکی کوردستان لە کوردستان چارەسەری بکات نەک لە بەغدا داوای ئەوە بکات مووچەی لێبڕێت و کوردستان پارێزگایەکی لێ جیابکرێتەوە و بخرێتە سەر بەغدا یان مووچەی لەگەڵ بەغدا بەیەکەوە وەربگرێت. د. نەجمەدین کەریم لەبارەی خودی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەڵێ: قەوارەی هەرێمی کوردستان لە حزبەکان گەورەترە، بۆیە دەبێت بپارێزرێت، میللەتی کورد قوربانییەکی زۆری داوە تاوەکو ئەم هەرێمە دروستبووە، ئەگەر ئێمە بەراوردی دۆخی هەرێم بکەین بە پارێزگاکانی عێراق لە هەموو ڕووبەکەوە هەرێم پێشکەوتووترە، هەرێمی کوردستان لە کوردستان چارەسەری بکات نەک لە بەغدا داوای ئەوە بکات مووچەی لێبڕێت و کوردستان پارێزگایەکی لێ جیابکرێتەوە و بخرێتە سەر بەغدا یان مووچەی لەگەڵ بەغدا بەیەکەوە وەربگرێت، بەدڵنیاییەوە ئەمە هەوڵە بۆ لێدانی قەوارەی هەرێم و هانیش دەدرێن لەلایەن حزب و لایەنی سیاسی جیاواز لە بەغداوە.

مووچە و لێدان لە قەوارە هەرێم کوردستان

ئەو سیاسەتمەدارەی کورد لە وەڵامی ئەوەی داواکاری ئەوەی بەغدا ڕاستەوخۆ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بدات هەوڵە بۆ لێدانی قەوارەی هەرێم، مەبەست لێی هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمە؟ گوتی: بەدڵنیاییەوە هەوڵە بۆ لێدانی قەوارەی هەرێم و هانیش دەدرێن لەلایەن حزب و لایەنی سیاسیی جیاواز لە بەغداوە، لە دوای 2003یش لایەنی عێراقی ئەو کاتە لاواز بوون، ئەگەرنا هیچ کاتێک لەگەڵ ئەوە نەبوون کە هەرێمی کوردستان دانی پیابندرێت و لە دەستووردا بێت، ئەوان مەبەستیبان بوو ئەو کاتە هەر 18پارێزگاکەی عێراق بە نیزامێکی لامەرکەزی بەڕێوە ببردرێت و ناوی فیدراڵیەتیشی تیا نەبێت و هەرێم نەبێت لە عێراقدا، ئێمە کە باسی بە هەرێمبوونی کەرکووکمان دەکرد، عەبادی پێی خۆش بوو بۆ ئەوە بوو کە نەیەتە ناو هەرێمی کوردستان.

ڕەوشی کەرکووک لە هەموو ڕووێکەوە خراپە

دەربارەی دۆخی ئێستای کەرکووکیش نەجمەدین کەریم، پارێزگاری شەرعی کەرکووک گوتی: ئێمە لە کەرکووک دەستمان لەکار نەکێشایەوە، بەڵکوو هێزێک هات کەرکووکی داگیر کرد، مانەوە لەوێ نەدەکرا، ئەوەی داندراوە لە 2017وە تا ئێستا بە وەکالەت لەوێیە، ئەمە ڕووبەندەدا ئەگەر هەندێک هاوکاری و ڕێککەوتن نەبوایە، بەڵام دەبینین ئەمڕۆ کەرکووک لە هەموو ڕووێکەوە باری ژیانی خراپە، باری خەڵک خراپە، جگە لەوەی کورد دەربەدەر کراوە، لە چەند ناوچەیەکی کەرکووک لە دووبز و داقووق بەتایبەتی و دێهات چۆڵکراون. خەڵکی کوژراون و گیراون و داعش زیندوو بوونەتەوە. ب نووسراوی فەرمی زۆر شت دەکرێت بەرانبەر کورد، بۆ ئەوەی خانووەکانییان چۆڵ بکەن، بەبیانووی ئەوەی ئەمە تەجاوزکراوە، لەسەر ئەو زەویانە، بەڵام هەڵوێستی ئەو حزبانەی کە لە کەرکووک ماونەتەوە، هەڵوێستێکی زۆر سستە، تەنانەت زانیاری هەیە کە لایەن هەیە بەنوێنەری خۆی گوتووە لە پەرلەمان کە بێدەنگ بن لەم بابەتانە، بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێت، ئەگینا بۆچی ناتوانن ئیسرار بکەن.

جێی بایەخی نێوان هەردوو لا و بەتایبەتیش هاوکاری کردنی بەردەوامی هۆڵەندا بۆ پێشکەوتنی هەرێم لە بواری ئابووری ، کشتوکاڵی و مەشق و ڕاهێنانی بەردەوامی هێزەکانی هۆڵەندی بە پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی تیرۆر و بەرزکردنەوەی تواناکانی سەربازی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە لایەن وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە شەڕی تێکشکاندنی تیرۆر لە کوردستان و ناوچەکەدا و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ دڕێژکردنەوەی وادەی مانەوەی هێزەکانی هۆڵەندی و وڵاتانی تری دۆستی کوردستان بۆ مانەوەی هێزەکانیان لە کوردستان و بەردەوامیدان بە مەشق و ڕاهێنانی سەربازی بە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و بەردەوام بە پڕۆژەکانی هۆڵەندی و پشتگیری و هاوکاریکردنی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و ئاشتی و دیموکراسی و سەقامگیری لە کوردستاندا.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر:

داوام کردووە هەرێم وەک یەک بازنە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت

عەلی ڕەشید سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر دەڵێت، لە هەموو کۆبوونەوەکان من داوام کردووە کە هەرێمی کوردستان وەکو یەک بازنە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت وە ئەم خاڵە پشکنینانەی کە دانراوە بۆ کەرەنتینە کردنی پارێزگاکان وەکو قەدەغەی هاتوچۆ هەڵبگیرێت. هەروەها دەشڵێت: نیهائیەن ئێمە لەگەڵ ئەوە نیین بۆ سلێمانی و هەولێر و دهۆک و هەڵەبجە بۆ کەرکوکیش دەبێت بەیەک چاو سەیر بکرێت کە بەبێ هیچ سانسۆرێک بتوانن هاتوچۆ بکەن بۆ هەولێر، تەنها بۆ ئەو کەسانەی کە لە پارێزگاکانی تری عێراق دێن بۆ ئەوەی حەقی پشکنینی هاووڵاتیانی هەرێم نەخۆن، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ئەوەش دەڵێت: بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆ لەنێوان پارێزگاکانی هەرێم لەخودی ئەو لیژنەیەوە دەرچووە کە قوباد تاڵەبانی سەرۆکێتی و حزبەکانی تری بەشداریشی لە حکوومەت تێدایە.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لە وتووێژێکدا سەبارەت بە دەنگدان لەسەر بڕیاری هەڵگرتنی قەدەغەی هاتوچۆ لەنێوان پارێزگاکانی هەرێم ڕایگەیاند: ئێمە ڕاستە دەسەلاتی بڕیاردانمان هەیە بەپێی یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2009 ی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێم دەسەلاتی بڕیاردانمان لە سنوری پارێزگا هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا "وەزارەتە بەرێزەکان" بەتایبەتیش لیژنەی باڵای کۆرۆنا ئەوانیش دەسەلاتی بڕیاردانیان هەیە بەپێی یاسای وەزارەتی ناوخۆ دەسەلاتی دەرکردنی بڕیاردانی هەیە، بەهەمان شێوەش وەزارەتی تەندروستیش دەسەلاتی دەرکردنی بڕیاردانی هەیە



ئێمە لەگەڵ ئەوەین قەدەغەی هاتوچۆ لەنێوان پارێزگاکان هەڵبگیرێت

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئێمە لە ژووری ئۆپراسیۆنەکانن وەکو بەژداربوویەک لەبری ئەنجوومەنی پارێزگا لەهەموو کۆبوونەوەکاندا بەشدار بووم وە لە هەموو کۆبوونەوەکان من داوام کردووە کە هەرێمی کوردستان وەکو یەک بازنە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت وە ئەم خاڵە پشکنینانەی کە دانراوە بۆ کەرەنتینە کردنی پارێزگاکان وەکو قەدەغەی هاتوچۆ هەڵبگیرێت ئەمە بەرزترە وە بڕیارەکان لەسەر ئاستی وەزارەتەکان دراوە دەبێت لەوێوە هەڵوەشێتەوە.

هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد: ئەو پێشنیارەی کە ئێمە بڕیار بدەین قەدەغە هەڵبوەشێنینەوە نەمان خستە دەنگدان کە قەدەغە هەڵبوەشێنینەوە لەبەر ئەوەی کە قەدەغە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانە ئەنجوومەنی پارێزگا یاساکەی لەسنوری پارێزگایە بۆ نموونە ئەگەر قەدەغە لە نێوان هەولێر و چۆمان هەبێت هەمان پێشنیاری هەیە، بۆیە ئێمە لە ئەنجوومەنی پارێزگا ناتوانین بڕیار لەسەر هەرێمی کوردستان بدەین کە قەدەغەی هاتوچۆ لەنێوان دهۆک و هەولێر هەڵبگرین یان لەنێوان سلێمانی و هەولێر ئەمە لەدەسەلاتی بەرزترە وە بڕیارەکان لەسەر ئاستی وەزارەتەکان دراوە دەبێت لەوێوە هەڵوەشێتەوە.

هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد: ئەو پێشنیارەی کە ئێمە بڕیار بدەین قەدەغە هەڵبوەشێنینەوە نەمان خستە دەنگدان کە قەدەغە هەڵبوەشێنینەوە لەبەر ئەوەی کە قەدەغە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانە ئەنجوومەنی پارێزگا یاساکەی لەسنوری پارێزگایە بۆ نموونە ئەگەر قەدەغە لە نێوان هەولێر و چۆمان هەبێت ئاسانکارییە بکرێت بژێوی هاووڵاتیان بەرەو ئاراستەو ئاقارێکی خراپ نەڕوات بۆ ڕئەوەی بژێوی هاووڵاتیان شوێنەوارەکەی گەورەتر نەبێت لە ئاسەواری کۆرۆنا لەهەمان کاتدا پێشبینی ئەوە دەکەین کە لەمانگی 10 و11لەوانەیە ئەو کاتە کۆکەو هەڵامەت و گەلێک نەخۆشی تریش هەبێت ئەو کاتە خەسارەتی زۆر زۆر گەورەتر هەبێت لەوەی کە ئێستا هەیە بۆیە پێویستە لە ئێستادا ژیان ئاسایی بکەینەوە هەوڵبدەین کە هاووڵاتیان بە تاکپارێزی و بە خێزانپارێزی ڕابێنین بۆ ئەوەی بەرگری لەم ڤایرۆسە بکەن.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ئەوەشی وت" ئێمە لەگەڵ قەدەغەی هاتوچۆدا نیین لەسەرەتا پێویست بوو لەبەر ئەوەی کۆرۆنا ڤایرۆس لەناو هەرێمی کوردستاندا نەبوو، وە لەناو پارێزگادا نەبوو ئێمە هەمیشە بەر لە 3 مانگ لە ئەنجوومەنی پارێزگا ئەوە بووە کە قەدەغەی هاتوچۆ هەڵبگیرێت لەنێوان پارێزگاکان. سەبارەت بەڕەخنەی هەندێک کە دەڵێن بۆچی خەڵکی سلێمانی و هەڵەبجە دەتوانن سەردانی بەغداد یا شارەکانی تر بکەن بەڵام نەتوانن سەردانی شاری هەولێر بکەن بەهۆی تۆندوتۆڵی ڕە و شوێنەکان؟ لەوەڵامدا عەلی ڕەشید وتی" گرفتەکە لەوێدا ئەوەیە لەسلێمانی بڕیارەکان دەردەچێت بەڵام لە خاڵەکانی پشکنین ئاسانکاری زۆریان بۆ دەکرێت بۆ هاتوچۆ ئەمەش دژ بە بڕیارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە چونکە بڕیارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە ئەوان کە سەرپێچی دەکەن و خەڵک ئیزن دەدەن ئەوە بوو کە کۆرۆنا ڤایرۆس زۆر بەپەرش و بڵاوەیی تەشەنەی کرد و خەسارەتێکی زۆر گەورەشی هێنا بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین بڕیارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەکو یەک سەیر بکرێن و جێبەجێ بکرێن چ لە هەڵەبجە و چ لە سلێمانی و هەولێرو چ لە دهۆک ناکرێت لە دهۆک بە مەزاجێک بکرێت و لە سلێمانی بەرپرسی خاڵێکی پشکنینین بڕیار بدات.

هەروەها دەربارەی وتەی ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ڕێکەوت زەکی) کە ڕایگەیاندبوو قەدەغەی هاتوچۆی نێوان هەولێر و سلێمانی دیواری سیاسییە، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر وتڕای ڕەتکردنەوەی ئەوە دەڵێت: ئەمە دیواری سیاسی نییە، ئەمە بڕیارێکە بەڕێز جێگری سەرۆکی حکوومەت بەڕێز قوباد تاڵەبانی کە سەرۆکی لیژنەی باڵای کۆرۆنایە و ئەم بڕیارە لەخودی خۆیەوە دەرچووە و لە خودی ئەم لیژنەی باڵای کۆرۆنایەوە دەرچووە کە دەبێت هاتوچۆ لەنێوان پارێزگاکان قەدەغەو سنوردار بکرێت تەنها بەڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ بێت ئەم بڕیارە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەرچووە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارەکە بە یەکێتی و پارتی و گۆڕان و پێکهاتەکان واتە لیژنە باڵاکەش هەمووبانی تێدایە وەزیری ئەوقاف و تەندروستی و کشتوکاڵ و دارایی تێدایە، ئەمانە بڕیار دەدەن واتە بڕیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، بڕیاری حیزبێکی سیاسی نییە بۆ ئەوەی بەربەست دروست ببێت.

سەرکردەکانی یەکێتیی ئەورووپا لەسەر بەرنامەی ڕزگارکردن و بوودجە گەیشتنە ڕێککەوتن



ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، ئەنگێلا میرکڵ خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە ڕێککەوتنی هەر 27 وڵاتەکەی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا لەسەر دابینکردنی بوودجە بۆ ساڵی داهاتوو بە بڕی یەک تریلیۆن یورۆ و بەرنامەی ڕزگارکردن بە بڕی 750ملیار یورۆ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشە ئابووریانەی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێوە سەریانهەڵداوە. دوێنێ سێشەمە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، ئەنگێلا میرکڵ لە میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا لەگەڵ سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن گوتی: ڕووداوە سەرووئاساییەکان و ئەم پەتایە کە کاریگەری کردووەتە سەر هەموومان، گرتنەبەری ڕێگای نوێ و ڕیزپەڕمان لێ دەخوازێت. لەبەر ئەوەیش لووتکەکە زۆر زۆری خایاند.

ئەنگێلا میرکڵ بە ئاماژەدان بەوەی کە دوای ڕێککەوتنەکە هەستی بە ئارامی کردووە گوتی: بەڕاستی هیچ ئاسان نەبوو، بەڵام ئەوەی بەڵای منەوە گرنگ بوو لە کۆتاییدا بەیەکەوە بووین. ڕاوێژکاری ئەڵمانیا بوودجەی یەکێتیی ئەورووپای بە داهاتووی ئەورووپا لەقەڵەم دا و تیشکی خستە سەر ئەوەی کە گرنگی لەوەدایە لە سەردەمی ئەو پەتا جیهانگیرییەدا کە کاریگەری زۆری کردووەتە سەر یەکێتییەکە بەردەوامیدانە بە چالاکییەکان لە بازارەکانی ناوخۆدا. بەپێی پاکێجەکە، کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا دەسەلاتی قەرزەوەرگرتن لە بازارەکان وەردەگرێت، بۆ ئەم دەسەلاتە و دڵنیایی بوودجەی یەکێتییەکە بڕی 750ملیار یورۆ بۆ بەرنامەی ڕزگارکردنی کۆمیسیۆنەکە دیاری دەکرێت. بە تێکڕاییش بوودجەی 2021بۆ 2027ی یەکێتییەکە دەگاتە یەک تریلیۆن و 74ملیار یورۆ. وڵاتانی ئەندامیش بەڕێژەی لەسەدا یەک و پۆینت چواری بوودجەکە لە داهاتی نیشتمانی دەدەن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان... بریندارکردنی چوار کۆڵبەری کورد لە ناوچە سنوورییەکان

لە ڕۆژانی ڕابردوودا لانیکەم چوار کۆڵبەری کورد لە سنوورەکانی نەوسوود، بانە و چاڵدێران بریندار کراون. بە پێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، بەرەبەیانی دوێنێ سێشەمە، هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سنووری چاڵدێران دەستڕێژییان لە کۆڵبەران کرد و بەو هۆیەوە کۆڵبەرێک بە ناوی "وەیسی حوسێن نژاد" خەڵکی گوندی "سگریک" بە سەختی بریندار بوو. بە مەبەستی چارەسەریی پزیشکی ناوبراویان گواستۆتەوە بۆ ناوەندەکانی چارەسەریی پزیشکی لە شاری وانی باکووری کوردستان.

لە لایەکی دیکەشەوە ڕۆژی دووشەمە 20-7-2020 کۆڵبەرێکی خەڵکی شاهۆ لە ناوچەی ڕەوانسەر بە ناوی "ئومید محەمەدی" لە کاتی هەڵاتن لە دەستی هێزە چەکدارەکانی ئیسلامی لە بەرزاییەکانی سنووری نەوسوود کەوتە خوارەوە و لاقی بە سەختی بریندار بووە. بە پێی هەواڵێکی دیکەش کە بە هەنگاو گەیشتووە، ڕۆژی یەکشەمە 19-7-2020؟ کۆڵبەرێکی خەڵکی بۆکان بە ناوی "میکائیل خوسرەوی" لە سنووری هەنگەژاڵەی بانە کەوتە بەر دەستڕێژی



ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران و بە سەختی بریندار بووە و ئێستا لە بەشی چاودێریی تایبەت (ئای سی یوو)ی نەخۆشخانەی بانە دایە. هەر ئەو ڕۆژە کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی "ڕامین بەلخکانلوو" خەڵکی گوندی "کشمش تەپە" ی ماکۆ، لە بەرزاییەکانی چاڵدێران کەوتە بەر دەستڕێژی گوللە و بە سەختی بریندار بووە و ئێستا لە ناوەندیی چارەسەریی پزیشکیی ئورومیە دایە.



پلەکانی گەرما لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور دەگاتە 52 بۆ 53 پلە


لەچەند ڕۆژی داهاتوودا، پلەکانی گەرما لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور دەگاتە 52بۆ 53پلە. مەحمود عەبدوللەتیف، بەڕێوەبەری ژینگە لەدەستەی گشتی کەشناسی عێراق دوێنێ سێشەمە ڕایگەیاند: ڕۆژانی پێنجشەممەو هەینی و شەممە، پلەکانی گەرما لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور دەگاتە 52بۆ 53پلەی سەدی.

بەرپرسێکی پەیمانگای غۆتەی ئەڵمانیی لە بەغدا ڕفێندرا

شەوی سێشەمە بەڕێوەبەری بەشی ڕۆشنبیری لە پەیمانگای غۆتەی ئەڵمانیی لە بەغدا، هیلا میویس لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە ڕفێندرا. ئەفسەر بە پلەی نەقیب لە پۆلیسی عێراق، ئەحمەد خەڵەف لە لێدوانێکیدا، باسی لەوە کردووە کە چەکدارەکان هیلا میویسیان لە نزیک نووسینگەکەی پەیمانگای غوتە لە شەقامی ئەبو نواس ناوەڕاستی بەغدا ڕفاندووە. ئەحمەد خەڵەف باسی لەوەش کردووە کە وەزارەتەکانی بەرگریی، ناوخۆ و هێزە ئەمنییەکانی دیکە لە شوێنی ڕووداوەکە و دەوروبەری، دەستیان بە گەڕان و پشکنین کردووە. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش هیچ کەس و لایەنێک بەرپرسیارێتی خۆی لە ڕفاندنی هیلا میویس ڕانەگەیاندووە. هیلا میویس هاوکات بەڕێوەبەری ڕێککخراوی ''بەیت تەرکیب''ە کە ساڵانە چەندین فێستیڤاڵ ڕێکدەخات بۆ پشتیوانیکردن لە هونەرمەندە گەنجەکانی شاری بەغدا.

31ی تەممووز یەکەم رۆژی جەژنی قوربانی پیرۆزە

لیژنەی بینینی مانگ لە سعودیە رۆژی جەژنی قوربانی دیاریکرد




لیژنەی باڵای بینینی مانگ لە سعودیە رایگەیاند، ڕۆژی هەینی 31 ی تەممووزی 2020 یەکەم رۆژی جەژنی قوربانی پیرۆزە .

دوێنێ دووشەممە لیژنەی بینینی مانگ لە سعودیە ڕایگەیاند، بەهۆی نەبینینی مانگی نوێ کە مانگی زیلحەجەیە ، بۆیە ئەمڕۆ سێشەممە تەواوکەری مانگی زیلقەعدە دەبێت. بەوەش رۆژی 2020-7-31 یەکەم رۆژی جەژنی قوربان دەبێت.

بۆ زانین ڕەنگە ئەمسااڵ ڕێکارەکانی دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕێگە بە سەردانیکردنی موسڵمانان نەدات و گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستانیش رایگەیاند لە بڕیار لەبارەی ڕێنمایی نوێ بۆ هاتووچۆی نێوان پارێزگاکان و رۆژانی جەژنی قوربان دەدرێت.

شارەوانی: هەر زەوییەک لە ماستەرپلاندا هەبێت و بەر شەقام بکەوێت، قەرەبوو دەکرێتەوە



گوتەبێژی وەزارەتی شارەوانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە هەر شوێنێك زەویی هاوواڵتیان کە لە ماستەرپلانی حکوومەتدا هەبێت و زەوییەکانیان تاپۆ بێت، قەرەبوو دەکرێنەوە، ئەگەر بە نایاساییش بێت و لە ماستەرپلاندا نەبێت، ئەوانە قەرەبوو ناکرێنەوە.

کوردۆ شابان، دەڵێ: وەزارەتی شارەوانی پابەندە بە ماستەرپلانی خۆیەوە و وەکو هەموو شارەوانییەکانی خۆی لە شارەکان ماستەرپلانی خۆی هەیە و هەر زەوییەك لە دەرەوەی ماستەرپلانی شارەوانی بێت کە کاتی خۆی بە هەڵە دابەش کراوە، ئەگەر هەڵەکە لە حکوومەت بێت و لە هاوواڵتیان نەبێت، حکوومەت قەرەبووی دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر هەڵەکە لە خۆیان بێت، حکوومەت پابەندی قەرەبووکردنەوەیان نییە .

شابان گوتیشی: ئەگەر گۆڕانکاری لە ماستەرپلاندا کرا و زەویی نیشتەجێبوون بەر شەقام بکەوێت، حکوومەت قەرەبووی ئەو کەسانە دەکاتەوە، بۆیە ئەوەی بەس دەکرێت گوایە شەقامی 100مەتریی سلێمانی ڕاگیراوە، ڕاست نییە و زۆر بە خێرایی کاری تێدا دەکرێت .

ناوبراو باسی لەوەش کرد، لەبارەی گردبوونەوەی کۆمەڵێك خاوەن زەویی سنووری سلێمانی، کە زەوییەکانیان بەر شەقامی 100مەتری دەکەوێت، لیژنەی یاسایی هەیە و ئەو بڕیار دەدات زەوییەکانیان یاساییین یاخود نایاساییین، ئەگەر لە ماستەرپلانی حکوومەت بن، قەرەبوو دەکرێنەوە و ئەگەر لە ماستەرپلانیش نەبن، مەرج نییە قەرەبوو نەکرێنەوە، چونکە هەیە لە ماستەرپلانی کۆن هەبووە، بۆیە ئەوەی لە ماستەرپلان هەبێت و زەوییەکەی تاپۆ بێت، قەرەبوو دەکرێتەوە.

لقی سلێمانیی سەندیکای ئابووریناسان:

تاقمێک دەستیان لە بەقاچاغ هێنانی تومەن هەیە



سەرۆکی لقی سلێمانیی سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان ئاشکرای کرد کە تاقمێك دەستیان لە بەقاچاغهێنانی دراوی ئێران بۆ شاری سلێمانی و زەرەرگەیاندن بە خەڵکی شارەکە هەیە و دەبێت لەگەڵ ئێران ڕێککەوتبن .

لەم ماوەیەی دوایی و پاش ئەوەی بەهای دراوی ئێران (تومەن) بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرامبەر بە دۆلاری ئەمریکی دابەزی، بە ملیارەها تومەنی ئێران هێندرایە سلێمانی و خەڵکێکیش ئەو پارەیەی کڕی بەو ئارەزووەی ڕۆژێك دراوەکە بەهای جارانی بەدەست بهێنێتەوە و ئەو خەڵکە قازانج بکەن.

لەمبارەیەوە نەوزاد شێخ کامیل، سەرۆکی لقی سلێمانیی سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان ڕایگەیاند: بەهۆی ئەو گەمارۆ ئابوورییانەی ڕووبەڕووی ئێران بووەتەوە، ئێستا ناتوانێت لە وڵاتەکەی خۆیدا بازرگانیی دەرەکی بکات، هەرچەندە پێشتر ئاڵۆگۆڕی بازرگانی بە دراوەوە دەکرد و دۆلاری ئەمریکی لەم ڕێگەیەوە بە دەست دەهێنا، بەڵام بەهۆی ئەو ڕەوشە ئابوورییە خراپەی بەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هاتووە، ناچارە پەنا ببات بەر کۆمەڵێک ڕێکار بۆ ئەوەی بتوانێت ئابووریی ناوخۆی وڵاتەکەی سەقامگیر بکات، بۆ ئەو مەبەستەش لەم ماوەیەدا ڕێژەیەکی زۆر دراوی تومەنی ئێرانی چاپکردووە و نارد وویەتی بۆ وڵاتانی دراوسێ و هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانێت بڕێکی زۆر دۆلار بکڕێ و بیباتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی .

ئەوەشی ئاشکرا کرد کە بڕێکی زۆری تومەنی ئێرانی هێندراوەتە سلێمانی و خەڵکی شارەکەش زەرەرمەند بوون، چونکە خەڵکی وادەزانن بەهۆی دابەزینی نرخی تومەن، هەلیان بۆ هەڵکەوتووە ئەم پارەیە بکڕن بەو ئاواتەی لە داهاتوودا نرخەکەی بەرز ببێتەوە، بەڵام بارودۆخەکە بە جۆرێکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دراوی ئێرانی بەهای کەمتر دەبێتەوە، بە جۆرێک وای لێ دێت سەد دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر سێ ملیۆن تومەنی ئێرانی مامەڵەی پێوە دەکرێت، بۆیە لە ئێستاوە خەڵکێکی زۆر تووشی زیانی گەورە بوون، جگە لەوەی زیان بە ئابووریی هەرێمی کوردستانیش دەگات و پارەکانی کوردستان دەچێتە دەرەوە .

سەرۆکی لقی سلێمانیی سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان دووپاتی کردەوە، تومەنی ئێرانی بە شێوەیەکی قاچاخ دێتە ناو شاری سلێمانی، بێگومان ئەو قاچاخە ئەگەر ڕێگەی بۆ خۆش نەکرێت، بە ئاسانی نایەتە ناو سلێمانییەوە، کەواتە گرووپێك لە پشت هێنانی تومەنی ئێرانەوەیە بۆ شاری سلێمانی، ڕەنگە هێنانی تمەنی ئێرانی بۆ ناو شاری سلێمانی بەپێی ڕێککەوتنێک بێت بۆ بەرزکردنەوەی بەهای ئەو دراوەی کە ئێستا لە ئێران شکاوە، بۆیە گروپ و تاقمێکی دیاریکراو دەستیان لەو بابەتەدا هەیە .

سلێمانی.. سەرۆکی تیمی ناشتنی قوربانییەکانی کۆرۆنا تووشی کۆرۆنا بوو

عەبدوڵا ئەحمەد جێگری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی تووشبوونی خۆی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیاند.

عەبدوڵا ئەحمەد کە سەرۆکی تیمی ناشتنی تەرمی قوربانیانی کۆرۆنایە لە سلێمانی لەهەژماری تایبەت بەخۆی لەتۆری کۆمەڵایەتی فەیس بووك ڕایگەیاند، لە یەکەم هەنگاوی دانان و جێبەجی کردنی ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕۆژێک لە ئازاری جەستە پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنام کرد و پشکنینەکەم پۆزەتیڤ دەرچوو. خۆم کەرەنتینە دەکەم و بۆ ماوەیەک لە ئازیزان و خەڵک بە گشتی دادەبڕێم.



لە هەرێمی کوردستان تا ئەمڕۆ کە ماوەی زیاتر لە دوو مانگیشە سەرپەرشتیاری تیمی ناشتنی تەرمی قوربانیانی کۆرۆنامان پێی سپێردراوە ، بێ دابڕان لە ئەرکدا بووین و ئەوەی پێمان کرابێت لە خزمەتی خەڵکدا بێ جیاوازی دریغیمان نەکردوە.

هەروەها ڕاشیدە گەیێنێت ، هەرچەند بەردەوام لە ئەرکدا پابەندی ڕێنماییە خۆپارێزییەکان بووین بەڵام دواجار خۆای گەورە بەو ڤایرۆسە بەسەری کردومەتەوە.

عەبدوڵا ئەحمەد دەشڵێت پاش چەند ڕۆژێك بە هەستکردن بە هەندێ نیشانەی نەخۆشی کۆرۆنا خۆی خستە خۆبەدوورگرتن و ئێستا لە ژێر چاودێری پزیشکدایە.

کەرکووک.. سێ تەقینەوە لە هەفتەیەکدا

ئەوەی بۆمبەکانی داناوە لە کامێرای چاودێری دەردەکەوێت



ئەو شوێنەی کرایە ئامانج، بارەگایەکی تورکمانە شیعەکان بوو کە تەنها دوو پاسەوانی هەبوو. لە کامێراکانی چاودێریشەوە ئەو کەسە دەرکەوتووە، کە بۆمبەکەی داناوە، بەڵام هێشتا لێکۆڵینەوەکان کۆتاییان نەهاتووە.

لەماوەی ئەم هەفتەیەدا بە سێ شێواز، سێ بۆمبی چێنراو لەبەردەم بنکە و بارەگا و شوێنە گشتییەکان لە کەرکووک دانراون. هەر ئەو کەسەی لە کامێرای چاودێرییەکەوە دەردەکەوێت لەکاتێکدا خەریکی دانانی سێیەم بۆمب بووە، دەستی لە دانانی دوو بۆمبەکەی دیکەشدا هەبووە، بەڵام تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراوە و دەزگا ئەمنییەکانیش دەڵێن ناسنامەی دیار نییە.

بۆمبێکی دیکە لە پێش بارەگایەکی دیکەی تورکمانی دانرا هەر لە هەمان گەڕەک، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی نەبوو.

ماردین کووکەیە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بەرەی تورکمانی عێراق دەڵێ: ئەم بۆمبە بۆ ئێمە دادنرابوو، ئەگەر مەبەستەکە خەڵک بووایە لەبەرامبەر ئێمە نەدەبوو، بەڵام ئەو کەسە ویستوویەتی نزیکتر بێت لەبارەگاکەمان، بەڵام نەیتوانیوە بەهۆی ئەوەی پاسەوانەکان نزیک بوون . بارودۆخەکە ئێستا بە دڵی پێکهاتەکانی کەرکووک نییە، چونکە زیاتر لە 14 هێزی جۆراوجۆر لە شارەکەدا هەن و نەتوانراوە ئاسایش بۆ هاووڵاتیان دابین بکرێت.

ئەتروش.. زیاتر لە هەزار دار تەمەن 100 ساڵی سووتان

خەبات-ئالان شەهاب : عەمید ئیحسان حسێن بەرپرسی دارستان و پاوانیی لە ناحیەی ئەتروش بە خەباتی ڕاگەیاند : ئاگرێکی گەورە لە دارستان و پاوانەکانی سنووری ئەتروش کەوتەوە، هۆکارەکەشی تائێستا نادیارە، پولیسی دارستان لەگەڵ تیمەکانی ئاگر کوژێنەوەی ئەتروش و قەسرۆك و پێشمەرگەی زێرەڤانی هەتا ئێستا بەردەوامن لەهەوڵدان بۆ کوژانەوەی ئاگرەکە، لە ئەنجامدا زیاتر لە هەزار دۆنەم زەوی کە پێکهاتبوو لە ساق و مێو سوتان، کۆنترۆل کردنی ئەم ئاگرە گەورەیە کێشەی بۆ دورست کردووین چونکە ئەم سنورە مینی سەردەمی ڕژێمی بەعسی تێدا چێندراوە.



پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان، خانەوادەی عەقید عادل بارام عەباس،
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی(عەقید عادل بارام عەباس) کوڕی(شەهید بارام عەباس) فەرماندەی(فەوجی 4 لە لیوای 2)مان پێگەیشت.
سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی هاوخەمی ئێوە و خزم و هاوسەنگەرانی خوالێخۆشبوو عەقید عادل دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات، ئارامی و دڵنەوای بەئێوە و دۆستانتان ببەخشێت.
انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

* * *

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان، خانەوادەی کۆچکردوو ئیبراهیم عەتا میهراب بەگ
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی(ئیبراهیم عەتا میهراب بەگ)مان پێگەیشت.

پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین کۆچکردوو(ئیبراهیم عەتا میهراب بەگ) بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و خزم و کەسوکارتان ببەخشێت.
انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

* * *

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێز، مامۆستا ئەحمەد شادی
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خۆشکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. هاوخەمین لەگەڵ بەڕێزتان و خانەوادەکەتان و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و دۆست و خزمانی قەڵادزێ دەکەین.
لە خودای دلۆقان داواکارین خوالێخۆشبووی خوشکتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و خانەوادەکەتان ببەخشێت.
انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

* * *

بەڕێزان خانەوادەی محەمەد حەمە صالح
خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەر و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول، خوالێخۆشبوو(محەمەد حەمە صالح).
بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و سەرجەم کەسوکار و دۆست و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.
لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.
انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

* * *

بەڕێزان خانەوادەی ڕەسوڵ ئەحمەد هێڕێی
بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دەڤەری پشدەر، خوالێخۆشبوو(ڕەسوڵ ئەحمەد هێڕێی) ناسراو بە (ڕەسوڵ سارمە) مان پێگەیشت.
بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و سەرجەم خزم و دۆست و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.
لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایتان پێ ببەخشێت و گیانی کۆچکردویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.
انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان



حکوومەت کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبای نیشتمانی زیاد دەکات

لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان 253 هەزار پێوەری زیرەکی کارەبا بەستراوە

ئومێد ئەحمەد:

تا ئێستا سیستەمی وەرگرتنی پارە بەپێی پێوەری زیرەک، لە هیچ شوێنێک بەگەڕ نەخراوە



گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا:

بەهۆی کۆرۆناوە پرۆسەکە وەستابوو، بەڵام ئێستا دەستی پێکردووەتەوە



خەبات- بڕیار کۆیی

پێش بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکرد بە بەستنی پێوەری زیرەکی کارەبای ماڵان و هاوبەشانی کارەبا، بە هەزاران پێوەر لەلایەن تیمەکانەوە بەستران، بەهۆی دۆخی پەتای کۆرۆناوە ماوەی چەند مانگێك پرۆسەکە وەستا، بە قسەی گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا پرۆسەکە دەستی پێکردووەتەوە و لە دیدارێکی کورتدا لەگەڵ (خەبات) ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کارەبا تیشك دەخاتە سەر سوودەکانی پێوەرەکەو چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە.

ئومێد ئەحمەد، گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە(خەبات)ی راگەیاند: لە دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان و بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆ ئێمە لە وەزارەتی کارەبا بڕیاری راگرتنی سەرجەم پلان و پرۆژەکانی وەزارەتماندا، تەنیا بابەتی چاککردنەوە و بەکارخستن نەبێت، ئەویش بۆ بەردەوامیدان بە گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی کارەبا بە هاوبەشان و نەخۆشخانەکان بە گشتی و بە تایبەت سەنتەرەکانی کۆرۆنا و پرۆژەکانی ئاو، ئەمانە هەر بەردەوامبوون لەگەڵ چەندین بەربەستدا.

ئومێد ئەحمەد ڕوونیشیکردەوە: تاوەکو کاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا 253 هەزار پێوەری زیرەکی کارەبا لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بەسترابوون، پاش دەستپێکردنەوەی دەوام و خۆرێکخستنەوە، بەڕێوەبەری گشتی پرۆژەکە جارێکی دیکە لەگەڵ تەواوی ستافەکە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و ئاستی پارێزگاکان کۆبوونەوە، جارێکی دیکە هەموو ئەو پلانانە ڕێکخرانەوە و دەست کرایەوە بە کار و ئێستا لە تەواوی هەرێمی کوردستان دانان و بەستنی پێوەری زیرەك دەستی پێکردووەتەوە و بەردەوامە.

گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا سەبارەت بە گرنگیی پرۆژەکە و سوودی پێوەری زیرەکی کارەبا ڕایگەیاند: پێوەری زیرەکی کارەبا بریتییە لە چارەسەرکردنی گرفتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان، سااڵنە ئەو هەموو توانا دارایی و مرۆییەی کە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا خەرج دەکرێ لەبەرانبەردا ئەو پرۆژەیە دەتوانێ کۆنترۆڵی خواست بکات، کۆنترۆڵی خواست بریتییە لە بنەبڕکردنی تەواوی ئەو سەرپێچی و زێدەڕۆییەی کە لەسەر سیستەمی کارەبا کراوە، کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی داهات هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری بۆ نموونە لە کاتێکدا گرفتێکی کارەبا لە سیستەمەکە دروست دەبێت بە ئاسانترین و زووترین ڕێگە دەتوانرێت بزانرێت گرفتەکە لە کوێیە و تیمەکانی چاککردنەوە چارەسەری بکەن، ئەمەش کاتی زیاتر بۆ تیمەکان دەگەڕێنێتەوە بە ماندووبوونێکی کەمتر لەوەی ئێستا کە هەیە.

ڕوونیشیکردەوە کە خاڵێکی تری گرنگیی ئەو پێوەرە زیرەکە بریتییە لە باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانی کەرتی دابەشکردن کە گەورەترین هێزی مرۆیی و ژمارەی کارمەند و خەرجیی لەو سێکتەرەیە و گەڕانەوەی خەرجییەکی زۆری سااڵنە بۆ حکوومەت و دەستکراوەیی وەزارەت و ستافی کارەبا کە کاتیان هەبێ بۆ پلان و پڕۆژە نەك هەر سەرقاڵی چاکسازی نێو تۆڕەکان بن.

سەبارەت بە دەنگۆی ئەوەی گوایە لە چەند گەڕەکێکی هەولێر بڕێکی زۆر پارە لە هاوواڵتی و هاوبەشی کارەبا وەرگیراوە لەبەرانبەر بەستنی پێوەرەکە و پاشان ئەژمارکردنی کاتژمێرەکانی کارەبای بەکارهاتوو، گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەتیکردەوە کە لە هیچ ناوچە و شار و گەڕەکێکی هەرێمی کوردستان پارە لە هاوواڵتی وەرگیرابێت و ڕایگەیاند: کە تاوەکو ئێستا سیستەمی وەرگرتنی پارە بەپێی پێوەری زیرەك لە هیچ شوێنێك بەگەڕ نەخراوە و دەستی پێنەکردووە، ڕوونیشکردەوە کە بە هیچ شێوەیەك باس لە چۆنیەتی وەرگرتن و بڕی کارەبا لە کاتژمێرە زیرەکەکان نەکراوە.

ناوبراو جەختیشیکردەوە کە بە جێبەجێکردنی تەواوەتی پڕۆژەی پێوەری زیرەك ڕێژەیەکی زۆر کارەبا بۆ حکوومەت دەگەڕێتەوە و پاشان دەدرێتەوە بە هاوبەشانی کارەبا، بەمەش کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبا زیاتر دەبن و گۆڕانکاریی بەرچاوی بەسەردادێت.

چەند گەڕەکێکی سلێمانی ئاگادار دەکرێنەوە

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارەبای سلێمانی ئاگادارییەکی بۆ چەند گەڕەکێکی سلێمانی لەبارەی بەستانی پێوەری زیرەکی کارەبا بڵاو کردەوە.

دوێنێ سێشەممە 21/7/2020، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارەبای سلێمانی، ئاگادارییەکی لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووك) بڵاو کردەوە، تێیدا هاتووە: ئاگاداری دانیشتوانی گەڕەکی (ڕزگاری) پشت ڕێستورانتی (شکۆفە) فیدەری (55 مساعد) ، ئەمڕۆ چوارشەممە 22/7/2020، پێوەری زیرەکی کارەبایان بۆ دەبەسترێت .

بەس لەوەش کراوە، بەهۆی بەستنی پێوەری زیرەکی کارەباوە، لە کاتژمێر 7ی بەیانی بۆ 12ی نیوەڕۆی سبەی چوارشەممە کارەبای نیشتمانی و مۆلیدیان نابێت، واتە مۆلیدەی ئەهلیی سەر ئەو فیدەرە نابێت کار بکەن، ئەوەش لەپێناو سەلامەتیی گیانی تیمەکانی کارەبا و هاوواڵتییان.

کارەبای سلێمانی هاووڵاتییان لەوەش ئاگادار دەکاتەوە، کە بەستنی پێوەرەکە بێ بەرامبەر و هیچ بڕە پارەیەک لە هاوواڵتی وەرناگیرێت و خەرجییەکەی لەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

ئەوەش خراوەتە ڕوو، لەپێناو پاراستنی ئامێرە کارەباییەکان، ئێوارە پێش لێدانەوەی کارەبا بۆ یەکەمجار هەموو ئامێرە کارەباییەکانیان بکوژێننەوە، دواتر لەدوای یەک هەڵیان بکەنەوە. داواکاریشن هاوکاریی تیمەکانی بەستنی پێوەرەکە بن، بۆ ئەوەی کارەکان بە باشی بەڕێوە بچن.



چی دەکەیت کاتێک دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر منداڵێک..؟!

هەندێک لە پارێزەرەکان ڕۆڵێکی خراپ دەگێڕن بە فێرکردنی تاوانلێکراو و گوتنی هەندێک شت، کە هیچ پەیوەندی بە تاوانەکەوە نەبووە یان دووڕە لە ڕاستی”





د. هاوڕێ دڵزار

دەستدرێژی سێکسی ڕووداوێکی کاریگەرەو کار دەکاتە سەر کەسەکان بەشێوەی جیاواز لەڕووی دەروونی و جەستەییەوە، بۆیە ئەمە کاری پزیشکان و کارمەندانی ئەو بوارەیە بۆ پاڵپشتیکردنی تاوانلێکراوان لەو جۆرە ڕووداوانەدا.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ڕێککارە پزیشکییە دادوەرییەکانە، کە دەبێت بەزووترین کات ئەنجام بدرێت بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەکان و نابێت 72 کاتژمێری زیاتر بەسەر تێپەڕ بێت. چونکە لەم ماوەدا دەتوانین بەڵگەی تەواو کۆبکرێتەوە بۆ دەستبەسەرکردنی تاوانباران تا بە سزای خۆیان بگەن. لەوانەیە زۆربەی کەس ترسی هەبێت لە پشکنینی پزیشکی دادوەری یان زانیاری نەبێت. لێرە دەتوانین ئەو هەنگاوانە کورت بکرێتەوە بۆ ئەو کەسانەی دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر (منداڵ یان گەورە:

-1ئەو کەسەی دەستدرێژی کراوەتە سەر پێویستە خۆی بگەیەنێتە نزیکترین نەخۆشخانە.

-2نەخۆشەکە دەبێت داوای پرکردنەوەی فۆرمی ڕاپۆرتی سەرەتایی بکات لە لایەن پۆلیسی نەخۆشخانەکەوە.

-3دەتوانێت بۆ زیاتر هاوکاری پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی تووندوتیژی خێزانی بکات، تاوەکو زیاتر هاوکاری بن.

-4 نەخۆشەکە دەبێت چاوەڕێی ئەو بکات پزیشکەکە پشکنینی بۆ بکات و ئەو شوێنانەی بریندار هەبێت یان ئاسەواری سەر لەشی هەموو تۆمار بکات لە ڕاپۆرتە سەرەتاییەکە. ئەمانەش دواتر هەموو دەبن بە پاڵپشتییەکی زۆر گرنگ بۆ کەیسی ئەو کەسەی دەستدرێژی کراوەتە سەر لەبەردەم دادگا.

-5بەکارهێنانی (مسحە) بۆ وەرگرتنی نموونە لە (کۆم یان دەرچەی پێشەوەی ئافرەت) ئەمەش پێویستە بۆ دڵنیابوون لە ڕووداوەکەو نابێت بەهیچ شێوەیەك دوابخرێت، چونکە دەبێتە هۆی لە ناوچوون یان پیسبوونی بە مادەی تر بەمەش مافی کەسی تاوانلێکراو دەفەوتێت.

-6ئەگەر جلوبەرگی تاوانلێکراو هیچ ئاسەوارێ پێوە بوو پێویستە ئەمیش بدرێت بە پۆلیس بۆ لێکۆڵینەوە لەسەری.

-7هەموو ئەو بەڵگانەی کە باسمان کرد بە جوانی دەپارێزرێن و ئامادە دەکرێت بۆ نارددنی بۆ پزیشکی دادوەری دوای ئەوەی لەسەر داوای دادگا دەنێردرێت.

-8لە کاتی چوونت بۆ پێش دادوەر هیچ ترس و دڵە ڕاوکێ نەت گرێتن تکایە دوبارە تکایە شتەکان وەك خۆی بگێڕەوە بۆ دادوەر چونکە لە کاتی ووتنی شتی نادروست ئەوا دلنیابە لای دادوەر ئاشکرا دەبێت و مافت لەوانەیە بڕواتن.

-9دوای ئەوی دادوەر فەرمان دەکات بە نارددنی تاوانلێکراو بۆ پزیشکی دادوەری لێرە دووبارە پشکنینی جەستە ئەنجام دەدرێت و لە لایەن کەسانی پسپۆری ئەو بوارە. تاوەکو دەکرێت ڕووداوەکان وەك خۆی باسبکرێت لە پێناو بەرژەوەندی خۆت. لە پزیشکی دادوەری ئێمە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەینەوە کە دادوەر داوای کردووە، بەڵام دەکرێت شتی سەرنجڕاکێش هەبێت باسی بکەین.

-10ئێمە وەك پزیشکی دادوەری ڕاپۆرتی کۆتایی خۆمان دەنووسین کە لە لایەن سێ پزیشکی دادوەر ئیمزا دەکرێت و دەدرێت بەو پۆلیسەی کە هێناویەتی و بەهیچ شێوەیەك ئەنجامی ڕاپۆرت نادرێت بە تاوانلێکراو یان کەسوکاری یان پارێزەرەکەی.

-11لە دادگا دادوەر دوای کۆکردنەوەی بەڵگەکان بڕیار لەسەر کەیسەکەت دەدات، بۆیە پێویستە زۆر بە وریایی مامەڵە بکەیت تاوەکو هیچ بەڵگەیەکت نەفەوتێت.

دەبێت لێرە ئەوە بزانین هیچ کام لەم ڕاپۆرتە پزیشکییانە بریتی نین لە بیرو بۆچوونی پزیشکەکان بەڵکو بریتییە لە ڕاستی زانستی و پزیشکی کە بە چاو دەیبینین. دەتوانی لە زۆر حاڵەت پەنا ببەیتە بەر هەندێك ڕێکخراو و پارێزەری خۆبەخش، کە بە داخەوە بەهۆی ئەوەی زۆر کارەکانی ئەمانە پەرتوبڵاوە ناتوانم لێرە ناو ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنەکانیان دابنێم.

بە داخەوە هەندێك لە پارێزەرە بەڕێزەکان زۆڵێکی خراپ دەگێڕن ئەویش بە فێرکردنی تاوانلێکراو بە وتنی هەندێك شت هیچ پەیوەندی بە بابەتەکەوە نەبووە یان دووڕە لە ڕاستی، ئەویش دوای ئەوەی خودی تاوانلێکراوەکە دانیناوە کە فێرکراوە وابڵێت، بەمەش کاردەکاتە سەر کۆی گشتی ڕووداوەکەو ڕاستی و دروستی ڕووداوەکە دەشێوێت.

* پزیشکی پسپۆری دادوەری

دکتۆرە سومەیە عەتا نەقشبەندی پسپۆڕی ئافرەتان و منداڵبوون:

ڤایرۆسی کۆرۆنا لەڕێی شیری دایک بۆ کۆرپە ناگوازرێتەوە





ڤایرۆسی کۆرۆنا تەنگی بەمرۆڤایەتی هەڵچنیوە و زۆربەی وڵاتانی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. دەربارەی کاریگەرییەکانی ئەم پەتایە بۆسەر ئافرەتانی دووگیان چەند پرسیارێکمان لەبەڕێز دکتۆرە سومەیە عەتا نەقشبەندی پسپۆڕی ژنان ومنداڵبوون و نەزۆکی کرد تا بەرچاوڕوونییەک بێت بۆ ئافرەتان.

دیانە/ وریشە عومەر



سەرتا دکتۆرە سومەیە عەتا نەقشبەندی پسپۆڕی ئافرەتان و لەدایکبوون لە وڵامی پرسیاری کاریگەری کۆرۆنا لەسەر تەندروستی کۆرپە لەسکی دایکیدا گوتی: بۆ خۆپاراستن لەم نەخۆشیە ڤایرۆسییە تازەیە، پێویستە دایکان و ئافرەتی دووگیان پاك وخاوێن بن لە هەموو شت وەك بەکارهێنانی سپرای بۆ پاك کردنەوە، بەرگری لە ڤایرۆس، بەکارهێنانی دەمامك واتا ماسك و گۆڕینی بەردەوامیان، هەروەها لەدەستکردنی دەستکێش لە شۆینە گشتییەکان وەك: مۆڵ و نەخۆشخانە و فەرمانگە و هەر شوێنێك کە قەرەباڵغی لێیە وەك: ڕێستورانت و یاریگای داخراو و شۆینی وەرزش و سااڵۆن و دووركەوتنەوە لە کۆبوونەوە و ماچ و باوەش بەیەکداکردن کە ئەمە زۆرتر ئافرەتان ئەنجامی ئەدەن. هەروەها دەست شوشتنی بەردەوام بەتایبەتی کاتێك مامەڵە لەگەڵ منداڵ دەکات و لە کاتی دروستکردنی خۆراك پێویستە دەستەکانی بە سرکە و خۆێ پاك بکاتەوە.

دواتر لە بارەی ئەوەیکە پێویستە دایکان چۆن خۆیان بپارێزن و لە کاتی توشبوون چی بکەن دەڵێت:

ئافرەتانی دووگیان و شیردەر و خاوەن نەخۆشی، چونکە بەرگرییان کەم دەبێت پێویستە زیاتر ئاگاداربن،

و لەکاتی سەردانی نەخۆشخانە بۆ چاودێری دووگیانی تکایە یەك بە یەك بچنە ژوورەوە و دوور لە کارمەندی تەندروستی بۆ پاراستنی هەردوولا تکایە. بە شێوەیەکی گشتی واباشترە لەم کاتەی نەخۆشی کۆرۆنا بڵاوە سکپڕی نەبێت، چونکە نەخۆشییەکی تازەیە و دوارۆژی نەزانراوە. باشترە کاتی منداڵبوون لەژێر چاودێری ستا فێکی پزیشکی هۆشیار بێت.

لەکۆتایدا دەربارەی ئەو ئافرەتانی خاوەن منداڵن و تێستاش ئەو پەتایە بڵاوە دکتۆرە سومیە عەتا نەقشبەندی گوتی: مەترسییەکان زۆرترن بۆ ئەو دایکەی نەخۆشی هەبێت وەك فشاری خوێن و دڵ و ڕەبۆ و قەڵەوی و تەمەنی زۆر و هەناسەتوندی و شەکرەی زۆر، چونکە بەرگریان کەمە بۆیە لەوانەیە دایك لە ناوبچێت. ئەگەر ئافرەتێك منداڵی هەبوو دوایی تووشی کۆرۆنا بوو نەترسێت، چونکە کۆرۆنا لەڕێی شیری دایك بۆ منداڵ ناگوازرێتەوە، بەس بە هەناسە و ئاوی دەمی دایك دەگوازرێتەوە، بۆیە دەبێت دایك لە کاتی شیرپێدان دەمامك ودەستکێش بەکاربهێنێت. بەهیوای سەلامەتی هەموو دایکان.



کڕین و خۆڕازاندنەوە بە خشڵ و زێڕ لای ئافرەتانی هێندی لە سەرووی هەموو وڵاتانە

بە گشتی ئافرەتانی ڕۆژهەڵاتی بە پلەبەندی جیاواز حەز لە زێڕ و زیوەر دەکەن و بە بۆنە و موناسەباتی تایبەت بەخۆیانەوەی دەکەن و یانیش وەك پاشەکەوتێك لە ژیان بۆی دەڕوانن و حەز دەکەن بیکڕن و لەمااڵوە هەیانبێت تا دواتر لە تەنگانە بەکاری بێنن یان لە کاتی هاوسەرگیری پێشکەشی کوڕ و کچیانی بکەن. ئافرەتانی هیندی بە هەبوونی زێڕی زۆر لە پێشەنگن و ناوبانگیان هەیە.

ئەو ڕادە زێڕەی کە ئافر ەتانی هێندی هەیانە لە کانەکانی سێ وڵاتی گەورەی وەك ئەمەریکا، سویس و ئەڵمانیا زیاترە. هیندییەکانی گەورەترین بەکارهێنەری زێر لە جیهاندان. ئامارەکان دەریدەخەن کە ئافرەتانی هیندی بەتایبەت ئەوانەی هاوسەرگیریان کردووە ١١ لەسەدی کۆی زێڕی جیهانیان لایە.

ڕادەی داهات و سەروەتی ئافرەتانی هیندی ٩٥٠ میلیار دۆالرە کە پاش وڵاتی چین لە پلەی دووهەم دایە. ڕادەی ئەو زێڕە ئەوندەیە کە هەر تاکێکی هیندی دەتوانێت بۆ سەد ساڵ سوتەمەنی بەالشی دەسکەوێت.دوو ساڵ بە بەالش نان بخوات و تەنانەت بە پارەی ئەو زێڕانە دەکرێت پێنج شاری وەك دۆبەی ساز بکرێت.

سازان مەحەمەد: دەخوازم ئافرەتان چیتر کەمتەرخەم نەبن و گرنگی بە بەهرەکانیان بدەن



دیانە: پەریهان عومەر

جیهان بە ڕەنگاوڕەنگی و تێهەڵکێشی ڕەنگ و زەوقەکان ڕازاوەتر دەبێ و ئەوە بووتە بەدیهێنەری پیشەی دیزاین کە ئەمڕۆکە بووەتە بەهرە و خوێندن و گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە. کوردستانیش تێستاکە لەو بوارە زۆر پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە و کەسانێك هەن کە خۆی بۆ ماندوو دەکەن. خاتوونێکی دیزاینەر سازان مەحەمەد ڕەشید لە دایکبووی شاری سلێمانیە لەو دیانەیەدا باس لە کارەکانی دەکات.

سەرەتا لە بارەی کاری دیزاینەوە ئەڵێت: بەاڵی منەوە دیزاین بریتییە لە تێکەڵکردنی ڕەنگەکان لەگەڵ یەکدی بە شێوازێك کە بگونجێن بەیەکەوە و کاتێك تەماشای دەکەیت چاو ماندوو نەکات. گونجاندنی ڕەنگەکانیش بۆ دیزاینێکی ناوازە بێگومان پێوەستی بەکارامەیی هەیە لەو بوارەدا، چونکە بۆ هەڵبژاردنی ڕەنگی گونجا کە لەگەڵ کەسێکدا بگونجێ پێویستە سەرکێش و لێهاتوویبت لە دیزاین، چونکە هەموو ڕەنگێك سەنگ و قورسایی خۆی هەیە کە بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵە ڕەنگێکی دیاریکراودا. لە کارە ناوازەکانی ئەوە دیزاینەرە ئەوەیە کە نرخی ڕاستەقینە دەداتە ڕەنگەکان بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بە شێوازێکی جوان و ڕێك و پێك و ڕەنگەکان بگونجێن پێکەوە و دیزاینێکی ناوازە پێشکەش بکرێت.

لە بارەی هەڵبژاردنی ئەم پیشەوە خاتوو سازان باس لەوەدەکات کە: ئەوەی من هەر لە منداڵییەوە خولیای پیشەی بەرگدووریں بووم و پێمخۆش بووە هەمیشە سەردەمیانە وەك دیزاینەرێك بم و لەم بوارەدا خزمەتی هەموان بکەم، بێگومان هەر پیشەیەکیش ئەگەر مرۆڤ خولیای بێت و گرنگی بە پیشەکەی بدات و کارەکەی خۆی خۆش بوێت ئەوا بە شێوەیەکی خێرا گەشە دەکات و ئەو پیشەیە دەکات بە هونەرێکی جوان و خزمەتی پێدەکات. بە تایبەتی کە بەدواداچوونم بۆئەکرد زۆر کەس ئەو بابەتەی ئەویست، بەاڵم لە بازاڕ بە شێوەیەکی ئامادەکراو بەدەستی نەدەکەوت لە کاتێکدا ئەمەش بۆ دیزاینەر کارێکی ئاسان دەبێت کە بە پێی خواستی کەسەکان بێت ئەوەی دەیهەوێت و چۆنی دەوێت بەو شێوەیە بۆی جێبەجێ بکرێت و خواستی دڵ و چاوی کەسەکە بێت و گونجاندنی تەواوەتی پێوە دیار بێت لەگەڵ ستایلی ئەو کەسەدا و ئەو دیزاینە بیێتە هۆی ئەوەیکە زیاتر بینەخشێنێت و بیڕازێنێتەوە.

خاتوو سازان لە پەیامێکدا بۆ ئافرەتانی کوردستان دەڵێت: زۆر بە تایبەت داواکارم لە هەموو ئافرەتانی کوردستان کە ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری خۆیان بگێڕن و بە گرنگیدانی تەواو بە بەهرە و تواناکانیان دەتوانن ببنە کەسێکی کاریگەر و ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان هەبێت. داواکەم لە هەموو ئافرەتان کە چیتر کەمتەرخەم نەبن و گرنگی بە بەهرەکانیان بدەن و شانی پیاوان بەردەوام بن لە خزمەتکردنی کۆمەڵگا و لە هەر بوارێکدا. لە هەر بوارێکیشدا گرنگ ئەوەیە بە شێوازێکی تەندروست و ئاسایی کەسەکان بەردەوام بن تا ناوبانگ پەیدا بکەن و ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبێت لە کایەکانی ژیاندا.

جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ڕەنگدانەوەی ئەرێنێی دەبێت بەسەر کۆمەڵگادا

خەبات:تریفە ئازاد

چاکسازی خواست و بەرنامەیەکی ڕاگەیاندراوی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (کابینەی نۆیەم)،هەر لەگەڵ پێکهێنانی (کابینەی نۆیەم) وێرای ئاستەنگە سیاسی و ئابووری و برینی موجەی فەرمانبەران لەلایەن حکومەتی بەغدا و داکەوتنی نرخی نەوت و بەربڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کوردستان و سەرانسەری جیهان، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی بەرنامەی ڕاگەیاندراوی خۆی دەستکرد بە پڕۆژەی بونیادنانی ژێرخانی کوردستان و پڕۆژەی پیشەسازی و ڕێگاوبان وەکو (پڕۆژەی شەقامی ١٠٠مەتری لە سلێمانی و پڕۆژەی کارەبای خەبات و پڕۆژەی ناوچەی پیشەسازی لە دهۆک و چاکسازی و ریشەکێش کردنی گەندەڵی و...هتد) لە سێکتەری چاکسازی و ریشەکێشکردنی گەندەڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکار و ڕێنمایی و یاسای تایبەتی دەرکردووە و یاساکان لە ئێستادا کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردن. بێشک جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و پڕوژەکانی حکومەتی هەرێم ڕەنگدانەوەی ئەرێنێی دەبێت بەسەر کۆمەڵگادا و دەبێتە هۆکاری خۆشگوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان کە ئامانجی سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. لەم ڕووەوە ڕاوبۆچوونی شارەزا و پسپوران لەم ڕاپۆرتەدا دەخەینەڕوو.

یاسای چاکسازی لە ڕوانگەی یاسایی

خەدیجە عومەر مزووری ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لێژنەی یاسایی لە فراکسیۆنی پارتی لە بارەی گرنگی جێ بەجێ کردن یاسای چاکسازی لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: یاسای چاکسازی لە ١٦ی١ی ئەمساڵ لە پەرلەمانی کوردستان بە دەنگی 89 پەرلەمانتار پەسەند کرا و لە ١ی٤ یش ئەنجومەنی وەزیران



خەدیجە عومەر مزووری

پەیرەوێکی بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، دەرکرد، و بە پێی ئەم پەیڕەوە، چەند لێژنەیەک بۆ جێبەجێ کردن یاسای چاکسازی دروست بوون. لێژنەی باڵای چاکسازی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەت و ئەندامیەتی جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیر و لایەنی پەیوەندیدار پێک هاتووە و لێژنەی وەزارەتەکانی پەیوەندیدار لە ئاستی وەزارەتەکان پێک هاتوون بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە. هەروەها لێژنەی لاوەکیش لە سەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەت دروست بوون کە لە ژێر چاودێری لێژنە وەزاریەکان پێداچوونەوە و وردبینی دەکەن بۆ هەموو ئەم فەرمان وبڕیارانەی کە وەزارەتەکەیان دەرچووە و لێژنە وەزاریەکانیش ڕاسپاردەکانیان پێشکەش بە لێژنەی باڵای چاکسازی دەکەن بۆ ئەوەی ئەنجومەن وەزیران بڕیار بە هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەم بڕیار وفەرمانانە بدات، کە بەدەر لە یاسا دەرچووینە.بە پێی ئەم ماوەیەی کە لە حوکمی مادەکانی ئەم یاسایەدا (مادەکانی ١٧و١٩)، دیاری کراوە، یاسای چاکسازی لە ٢ی٧ کەوتوتە واری جێبەجێ کردن.،دیوانی چاودێری دارایش، دەبێت وردبینی و بە دواداچوون بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی یاسای چاکسازی بکات.

یاسای چاکسازی ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لە ژیانی کۆمەڵگە

هۆشمەند ڕەفیق مامۆستای ئابووری جێ بەجێ کردنی یاسای چاکسازی و کاریگەرییە ئابوورییەکانی لەسەر بوژانەوەی ئابووری کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: هەڵبەتە هەر



هۆشمەند ڕەفیق

پڕۆسەیەکی چاکسازی ڕاستەقینە لە هەر بوارێک لە بوارەکاندا، ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لە ژیانی کۆمەڵگە، نەمازە یاسایەکیش بیت کە پێشتگیری دامەزراوەی یاسادانانی لەسەر بێت، خستنەبواری جێبەجێکردنی ئەو یاسایە ڕەنگە بە ڕۆژێک و دووان ئەو یاسایە ڕەنگدانەوەی نەبێت، بەڵکو ئەوە پڕۆسەیەکی مێژوو کردەو کاتی دەوێت تا بە شێوەیەکی دادپەروەی و یەکسانی جێبەجێبکرێت و مافی هیچ کەسێک پێشێڵ نەکرێت، پێشبینی دەکرێت ئەو پڕۆسەیە تا کۆتایی

هۆشمەند ڕەفیق

ئەمساڵ بخایەنێت، چونکە پێداچوونەوە بە دۆسیەی کەسی زیاتر لە یەک ملیۆن موچەخۆر کاتی زۆری دەوێت و لەسەر ئاستی هەر وەزارەتێک لێژنەی بۆ دانراوەو ئەمەش بە سانایی ناکرێت، بۆیە لەگەڵ ئەو پڕۆسەیەدا دەبێت پێویستە حکومەت هاوشان کار لەسەر ریفۆرم لە دەروازە سنووریەکان و کەرتی نەوت و باج بکات، لەگەڵ چاکسازی لە موچەشدا دەبێت ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران هەڵوەشێنێتەوەو مانگانە لە کاتی خۆی موچەی کارمەندانی حکومەت بدات و پێداچوونەوە بە پۆستە زیادەکانی حکومەت بکات، بۆیە دەبێت پەیکەری کارگێڕی حکوومەت بچووک بکرێتەوە، چونکە ژمارەی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتییەکان زۆرن و زۆرینەیان لە رابردوو دروستکراون کە داهات باش بوو ئەمەش زەبرێکی کوشندەی لە داهاتی گشتی داوە. بە داخەوە حکومەت لایەک چاکسازی لەوە کردوە کە خەرجییە گشتییەکانی کەم بکاتەوە کە ٩٠% بۆ موچە دەڕوات، کەچی لە یاساکەدا باسی لە چاکسازی لە سەرچاوەکانی داهات و هەمەجۆرکردنی داهاتی گشتی نەکردووە کە شارێگەی بەهێزکردنی حکومەت، لە کاتێکدا لە فەلسەفەی هاوچەرخدا حکومەت تەنها ئەرکی پاراستنی هاوواڵتیانی نییە، بەڵکو ئەرکە سەرەکییەکەی پێشکەشکردنی خزمەتگووزارییەو دەبێت کار بکات بۆ پەیداکردنی سەرچاوەی داهات بۆ پرکردنەوە پێداویستییە گشتییەکانی هاوواڵتیان بەتایبەت(ئاو، کارەبا، دەرفەتی کار یا دابینکردنی موچە بۆ کارمەندانی....هتد). جا ئەگەر ئەو چاکسازییە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و یەکسان جێبەجێبکرێت، بەبێ ئەوەی سیستەمی ڕازیکردنی تێدابێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە لە سەرەتای ساڵی داهاتوو ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیان و بازاڕی کوردستان دەبێت.کاریگەری ئابووری باشی دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان چونکە وەک دەزانین کە خەڵکێکی زۆرهەن دەرچووی کۆلێژەکانن هیوایان لەسەر هەڵچنیوە بۆ ئەوەی بتوانن سوود مەند بن لە دامەزراندن.

لە هەر گۆشەیەکەوە بڕوانینە یاسای چاکسازی ئومێدی زیاتر بەدی دەکەین

شاخەوان محەمەد یاسای چاکسازی قۆناغێکی نوێی بەرەوپێش بردنی کزمەڵگەیە بەگشتی و بە دامەزراوەیی کردنی دام و دەزگاکانی حکومەتە لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: کە بە جێ بەجێ کردنی یاساکە گۆڕانێکی زۆر دێتە کایەوە، بە داخەوە نکوڵی ناکرێت لەوەی کە بەهۆی هەلومەرجی جۆراوجۆری ڕابردوو گەندەڵی و بەهەدردانی سامانی گشتی هەبووە و ئەمەش کاریگەری و بارگرانی لەسەر دەستەڵاتی ئیداری و بڕێوی هاوواڵتیانیش بە گشتی داناوە بۆیە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە بە دڵنیاییەوە کاریگەری ئەرێنی زۆر باشی دەبێت لە داهاتوو ئەنجامەکەی دەبینن لە هەموو ڕوویەکەوە ، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین تەواوی هاوواڵتیان و تەنانەت لایەنەکانیش زۆربەیان بە چاوی ئومێدەوە دەڕوانە ئەم یاسایە و بە زووبی جێبەجێ کردنی ..

یەکێک لە گرنگترین خاڵەکانی پڕۆژەی چاکسازی چەسپاندنی دادپەروەرییە لە ڕووی شایستە بوون و خەرج کردنی موچە و دەرماڵە و شایستە داراییەکان کە بەمەش سەرەڕای ئەوەی دادپەروەری دەچەسپێ لە هەمان کاتیشدا دەبێتە هۆکار بۆ ڕێگری لە بەهەدەردانی بوودجەی گشتی و دەست کراوەیی حکومەت لە جێ بەجێ کردنی پڕۆژەی خزمەتگوزاری زۆرتر کە ئەمەش دیسانەوە هۆکارە بۆ بوژاندنەوە و ئاوەدانی زیاتر و دەستکەوتنی هەلی کار. هەروەها دەبێتە ئەوەش بڵێین لە کاتێکدا ئەم یاسایە جێ بەجێ دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دانوستاندایە لەگەڵ بەغدا تا ئێستا حکومەتی عێراق سەرەڕای چەندین نەرمی نواندن لەلایەن وەفدی هەرێمەوە ئامادە نیە بگاتە ڕێکەوتن، یەکێک لە هۆکارەکانی ملنەدانی بەغدا فشاری زیاترە لەسەر هەرێمی کوردستان کە لە ئێستا بە هەلومەرجێکی قورسی داراییدا تێپەڕ دەبێت بۆیە بە جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە ئەو فشارە زۆرەش لەسەر حکومەتی هەرێم هەیە نامێنێ و بە دڵنیاییەوە کاریگەری لەسەر دانوستاندنەکانیش دەبێت و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لە گفتوگۆکان بەرەوام بێت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە ماف و شایستە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانی تێدا پارێزراو بێت.. بەو پێیە سەرەڕای باشتر بوونی دۆخی گوزەرانی هاونیشتمانیان و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسیشەوە هەنگاوی باشی بەرەو پێش چوون دەنێت .

سوور بوونی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاك مەسرور بارزانی و کابینەکەی جێگەی خۆشحاڵیە کە بەردەوام بەرێزیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە چاکسازی لە هەموو کەرتەکاندا دەکرێت و پڕۆسەیەکی بەردەوامە و



شاخەوان محەمەد

ئامانجیش لە چاکسازی کە خواستی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە، هێنانەدی دادپەروەری و پاراستنی مافی موچەخۆرانی شایستە و ڕاستەقینەیە .

بۆیە لە هەر گۆشەیەکەوە بڕوانینە یاسای چاکسازی ئومێدی زیاتر بەدی دەکەین و ئایندەیەکی گەش چاوەڕێ دەکەین ، ئەرکێکی ئەخلاقیە و نیشتمانیە هەموو لایەنەکان و تاکێکی ئەم هەرێمە دوور لە موزایەدە و بە کردەوە، پشتگیریی لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بکەن .





ناسر هەرکی

زەریف لە بارەگای سەرۆک بارزانیدا...

پرسی بەرژەوەندی هاوبەش و سیاسەتی هاوسەنگی

هاتنی وەزیری دەرەوەی ئێران جەواد زەریف بۆ کوردستان هەر لە خۆیەوە نەبووە، هەرچەندە لە سەرەتای ڕیفراندۆم ئیران و تورکیا بە توندی دژی وەستانەوە ئەوەش کارێکی سرۆشتی بوو بۆ ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دەبەشکراوە، سەنگی سەرۆک بارزانی زامنی هاوسەنگی بوو لە ناوچەکە. ئەمڕۆ پارتی تەنها حزبێک نییە کە بتوانرێت لە گۆڕەپانی سیاسی لاواز بکرێت، هەموو ئەو شاند و میوانە سیاسی و دیپلۆماسیانەی کە دێنە هەرێم بێ دیداری سەرۆک ناگەڕێنەوە، سەرۆک بارزانی بۆ بەرژەوەندی کورد خەریکی سیاسەتی هاوسەنگییە لە ناوچەکە، ڕاگرتنی ئەو سیاسەتەش هێندە ئاسان نییە، بە تایبەتی بەرامبەر بە ئێران و تورکیا کە دوو وڵاتی بەهێزی ناوچەکەن، هەرێمی کوردستان و ئێران خەریکن دەرگای پەیوەندیەکی نوێ بەڕووی یەکتردا دەکەنەوە، گفتوگۆکان بەئاراستەی ئەوەیە کەهەردوولا لەناوچەکەدا سود لە یەکتر وەربگرن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی پێویستبوونی دروستکردنی ئەم پەیوەندییە نوێیە ئەوە بێت کە ئیران دەخوازێ کە پەرە بە پەیوەندی دۆستانەی خۆی بدات لە گەڵ هەرێمی کوردستان. لەلایەکی دیکە پەیوەندی دۆستانە و هاسێیەتی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە بارودۆخی ئیستادا بارگاوییە، لەکاتێکدا دەڤەرەکە لە هەموکاتێک زیاتر پێویستی بە هێمنی و ئارامییە. لەم ڕووەوە پارتی خوازیاری سیاسەتێکی هاوسەنگە لە گەڵ تورکیا و ئێران لە لایەک و لەگەڵ ئەمریکا لە لایەکی دیکەوە.

پارتی کە ئیستا سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی لی دەستە، دەتوانێ لەڕووی ئابوری و بارزگانییەوە بێتە کارێکتەرێکی دوستانەی هاوسەنگ لە دەڤەرەکەدا و هەموو لایەنەکانیش لە ئێستادا پێویستییان بەم ڕۆڵەی پارتییە هەیە. بە گرتنەبەری سیاسەتی هاوسەنگیش حکومەتی هەرێم دەخوازێ هەموولایەنەکان بە عێراقیشەوە دڵنیا بکات کە هەرێمی کوردستان هەمیشە فاکتەری هێمنی و ئارامی و دۆستایەتییە لە ناوچەکەدا. هەروەها لەسەر ئاستی ناوخۆشدا، پارتی پەرۆشی یەکریزی ناوماڵی کوردە و لە هەوڵی لەیەک هەڤهێنانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و گفتوگۆیە لەگەڵ بەغدا لەپێناو چارەسەر کردنی کێشە هەڵپەسێراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا.

پی دەچێت زەریف پەیامی نوێی پێ بێت بۆ هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و بازرگانی. هاتنی وەزیری دەرەوەی ئیران بۆ هەرێمی کوردستان لە کاتێکدایە کە ڕۆژێک پێشتر جان ئیف لۆدریان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان بوو و لەگەڵ سەرۆک بارزانی و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت کۆببوونەوە. لێرەدا پێکەی دیپلۆماسی و هاوسەنگی هەرێمی کوردستان لایەن و وڵاتان و چاودێرانی سیاسی خۆیا بوو، هەروەها بۆ هەموو جیهان ئاشکرابوو کە خواست و داواکانی هەرێمی کوردستان بریتین لەفامی ڕەوای خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی دەستوری عێراق فیدراڵ کە پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای دەکات. لێرەدا کورتبینی و کاڵفامی بۆ ئەوکەسانە مایەوە کە داوای هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان و دووئیدارەیی دەکەن و دڵنیام لە ماوەیەکی کوردتدا گرژی و ڕەوشی سیاسی لە دەڤەرەکەدا هێمن و ئارام دەبێت.



سووڕە مەرگەیی

هەموویان چاویان لە سەرۆک بارزانی یە

گەرم بوونی ڕووداوەکان و بێدەنگی سەرۆک بارزانی لای دۆست و دوژمن بۆتە پرسیار، دۆستەکان ئومێدیان لەسەر بێدەنگییەکەی هەڵدەچنیوە، چونکە ئەو ڕاستییە باش دەزانن کە بێدەنگی سەرۆک بارزانی گەورەترین هەڵوێستی لێ دەکەوێتەوە، دوژمنەکانیش لە بێدەنگییەکەی دەترسن، چونکە ئەوانیش باش دەزانن کە هەر بێدەنگییەکی سەرۆک بارزانی سەرکەوتنێک بۆ کورد بەرهەم دێنێ، تەنانەت ئەو نەیارانەش کە لە گەرمەی شەڕی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و ئەو کاتەی سەرۆک بارزانی سەنگەرەکانی بەرگری کردن لەکوردستانی، کردبووە کورسی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەوان بە مەبەستی ئاژاوەنانەوە دۆست و لایەنگرانی خۆیان دەڕژاندە سەر شەقام، تەنانەت ئەوانیش چاوەڕوانی ئەوەن سەرۆک بارزانی بێدەنگی بشکێنێ، جا نازانم ئەوان لە بێدەنگییەکەی دەترسن؟ یان چاوەڕوانی ئەوەن بە شکاندنی بێدەنگییەکە ئومێدیان بەبەردا بکاتەوە.

ئای ئەوانە چەند دەبەنگن و لە کاری سیاسی و خەباتی شۆڕشگێڕی چەند کۆڵەوارن! نازانن کە بێدەنگی پیاوە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان لە هەندێ قۆناغی تایبەتیدا گەورەترین هەڵوێستە و بەدەنگ هاتنی کاتی خۆی هەیە، هەر بەدەنگ هاتنێکیشی کاریگەری لەسەر گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکان دادەنێ.

دەبەنگی ئەو کۆڵەوارە سیاسیە کاڵفامانە لەوە دایە کە کێشە و ڕووداوەکانی ناوچەکەیان لە کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا و هاتن و نەهاتنی موچەدا چڕ کردوونەوە، ئەوە لە کاتێکدایەکە یەکلایی کردنەوەی مەلمانێ سیاسی و ئابووری و سەربازیە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان هێنراونەتە ناوچەکە و ئەوەی لە ناوچەکە ڕووەدات زۆر لەوە گەورەترن کە ئەو کاڵفامە سیاسیانەی کورد بیری لێدەکەنەوە.

گومان لەوەدا نییە کە کەڵەکە بوونی ئەو کێشانە لە ناوچەکە و بەلادا خستنی مەلمانێکان گۆڕانکاری گەورە لە ناوچەکە بە دوای خۆیاندا دێنن، هەر گۆڕاکارییەکیش ڕووبدات کاریگەری لەسەر پرسی کورد لە هەر چوار بەشەکەی کوردستان دەبێ، بۆیە دەبێ ئەو کاڵفامە سیاسیانە ئەوە بزانن کە سیاسەت بە ژاوەژاو و موزایەدە ناکرێ و هەر بەدەنگ هاتنێک کاتی خۆیە هەیە، سروشتی سیاسی و پەروەردەی شۆڕشگێڕی سەرۆک بارزانیش وایە لە کاتی خۆیدا بەدەنگ دێ و بەدەنگ هاتنیشی کاریگەری لەسەر ئەو گۆڕانکاریە دەبێ کە پەیوەندی بە پرسی کوردەوە هەیە، جا ئەو گۆڕانکاریە لە هەر بەشێکی کوردستان بێ.

وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ڕێکەوت ٢٠٢٠/٧/٢١
ئاگاداری
بە پێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەشکراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن(رونی ابرم فلفل) لە بەرواری ٢٠٢٠/٧/٢٠کە داوای تۆمارکردنی ناوێرەکانی کردووە کە دەگەڕێتەوە بۆخۆی و ئێستا دانراوە لە (ڕێگای عنکاوە) و وەسفەکانی لە خوارەوەدا دیاری کراوە، بۆیە ئەو کەسەی پەیوەندی بەم و بەکەل و پەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتە بەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لە ماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بە دواکەوتوو دادەندرێت تا کاتی یەکلاکردنەوەی داواکە و ناڕازییوون بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە(٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس کاتب عدل
شوان فوزی زکی
ناو و وەسفەکانی ناوێرەکان
١-غەسالەی شوشتن ی پەتاتە ئیتاڵی ٢٠١٨/کارەبا A٥
٢- لابردنی پەڵکی پەتاتە تورکی ٢٠٢٠ کارەبا A٥تەقشیر
٣-بڕینی پەتاتەی تورکی ٢٠٢٠ کارەبا A٥ تقگیع ٣ حەزو
٤-تەباخی زەخت عالی دووچاو محلی ٢٠٢٠ غاز
٥- شرینگ بەسێت کردن و تەغلیف کردنی جبس سینی ٢٠١٨ کارەبا A١٠
٦-مۆلیدەی کارەبایی تورکی ٢٠١٨ گاز ٢٥ A١٠٠K.V.A
* * *
وون بوون
پسوولەی شارەوانی (٤) هەولێر ژمارەی پسوولە (٠٢٦٢٢٦٧) بەرواری ٢٠١٩/٩/٤ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی کارزان ئاشتی رشید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
وون بوون
پسوولەی شارەوانی (عەنکاوە) هەولێر ژمارەی پسوولە (٠٦٩٠٧٧٨) بەرواری ٢٠١٩/٢/١٣ بەبڕی ١٠٠٠٠٠٠ بەناوی سفر عیسی جبرائیل وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
وون بوون
ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە/ ١٣٥٥١ بەناوی ئاوات محمود عبدالله وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
وون بوون
پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارە پسوولە ٠٤٢٢٨٠٩ بەرواری ٢٠١٩/٨/٦ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی زبیر سعدی اسماعیل وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
وون بوون
پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٩٨٦٥٥٩ بەرواری ٢٠١٨/١/٢٣ بەبڕی ٢٥٠٠٠٠ بەناوی اسماعیل عثمان اسماعیل وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
وون بوون
نووسراوی گومرگی: ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیای ئەنگۆنا ژمارەی نووسراو: ٣١٥٦٧ بەرواری نووسراو: ٢٠١٤/٣/٢٨ جۆری ئۆتۆمبێل: ڤالڤو راس تریلە ڕەنگی: سەوز مۆدێل: ٢٠٠٥ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٢٨٨٣٨ دەڤك ژمارەی لاشە (شاصی) YU٢AB٤٠S٣٥B٤١٠٢٥٩ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
دادگای باری کەسینەی سۆران
ژمارە: ١٦١/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/١٥
بۆ/ داوالێکراو (شهرزاد نضیر باز محمد)
شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە
پێراگەیاندن
داواکار (انور خوستی مام جان) داوای ژمارە (١٦١/ش/٢٠٢٠) لەسەرت تۆمارکردووە لەدادگاکەمان کە تیایدا داوای (پەسەندکردنی تەلاقی دەرەکی) دەکات و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەدادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/١٢ بۆیە پێویستە لەسەرت کە خۆت یان بریکارەکەت لە ڕۆژی دیاریکراو کاتژمێر (١٠:٠٠) سەر لەبەیانی لە دادگاکەمان ئامادەبن بۆ دادبینی ئەگینا دادبینی بەپاشملە و بەپێی یاسا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ محمد عبدالرحمن قاسم
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٧/٢١
بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەشکراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (چیا عبدالمجید عبدالله) لە بەرواری ٢٠٢٠/٧/٢٠ کە داوای تۆمارکردنی ناوێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (لەڕێگای گوێر) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلەوەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- خەڵاتی تێکەڵکردنی مواد معسل نیرگەلە بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٢- کەپس و تەغلیف کردنی پاکەتی معسل بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٣- سێ دانە تێکردن و کەپس کردنی پاکەتی معسل بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣ *١٠.
٤- ڕۆلەی لێدانی بەرواری دەرچوون و بەسەرچوون بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥.
٥- چلەری ساردکردنی ئاو بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٦- بۆیلەری هەڵم و بوخار بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.
٧- سێ میکسەری تێکەڵ کردنی مواد معسل بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥. ٣ کۆنڤایەر.
٨- شێلان و تێکردنی معسل ٢ پارچەیی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠. دوو پارچەیی.
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/٢١٢/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/٢٠/٧/٢٠٢٠
ئاگەهداری
بۆ داوالێکەراو (جابر جمیل امین)
جهێ ئاکینجی بوونێ نەدیارە
داواکار (کلستان محمد سعید علی) داخازێ تێدا دکەت پەسندکرنا مارە برینی دەرەکی ل ٢٠١٣/٤/٣ وەرچلەك کچا خو (نسرین) ل ٢٠١٩/٨/٣١ (تصدیق زواجها الخارجی واثبات نسب ابنتها) ژتە وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا دەستەکا هەلبژیر ل پاریزگەها دهوکی قەزا سێمێلێ کومەلگەها دومیز کمپا دومیز یا پەنابەرین سوری ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕۆژنامەیین ڕۆژانەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر دەە ل سپیدەهیا ڕۆژا ٢٠٢٠/٨/٢٦ ول بەرۆژڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەقی تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (هەرئاڤا) بۆ (ئالوگۆری دراو/سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (هەرئاڤا) بۆ کۆمپانیای (سما النخیل)، بۆیە هەر کەسێك ناڕەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (الطریق المختصر) بۆ (بازارکردنی ئەلیکترونیات) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (الطریق المختصر) بۆ کۆمپانیای (بدایة الطریق المختصر)، بۆیە هەر کەسێك ناڕەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (اسعد فضل محمود) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (اسعد فضل محمود) بۆ کۆمپانیای (وقت التسویق)، بۆیە هەر کەسێك ناڕەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

Genel Energy

کۆمپانیای (Genel Energy) پێویستی بە کارمەندە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

Position Title: Senior CSR Specialist – Sarta Field	
Line Manager: Head of Govt & Public Affairs	**Location: Erbil, KRI**

Position Summary:

Genel Energy is an independent E&P company listed on the main market of the London Stock Exchange Headquartered in London with offices in Ankara, Erbil, Morocco & Somaliland, Genel is one of the largest London-listed independent oil producers and is the largest holder of reserves and resources in the Kurdistan Region of Iraq.
An exciting opportunity has arisen for a Senior CSR Specialist to join Genel in January 2021 to work with local communities around the Sarta license. In the first year the role will focus on shadowing and working with our partner Chevron. In subsequent years the successful candidate will be responsible for community engagement activities and partnering with local communities to develop CSR projects that aim to have far reaching benefits for the local community and environment in and around the Sarta Field.

Key Accountabilities

- Develop and manage the stakeholder engagement plan
- Plan, manage and supervise the implementation of Sarta CSR projects ensuring proper identification of local community needs and concerns as well as ensuring timely delivery and monitoring effectiveness and reporting progress to management.
- Coordinate meetings with Local Authorities in the communities around Sarta action areas to set annual plans for the CSR projects and obtain necessary approvals.
- Prepare detailed briefings and reports including CSR presentations for the MC Meetings, CSR activities monthly and quarterly reports and share with management in timely manner.
- Respond to Management enquiries and requests for provision of information and input on any related CSR activities and issues.
- Represent Genel Energy in the MC / MNR meetings under the PSC and coordinate regular meetings related to CSR activities.
- Supervise the process of selecting NGOs to implement specific CSR projects as well as monitor and evaluate the activities of the selected NGOs to ensure the achievement of desired objectives.

Skills and Experience

- Fluent in spoken and written English and Kurdish
- Degree qualified (relevant field preferred)
- 10+ years total experience with 5 years minimum within the O&G industry
- Hold detailed knowledge of the Sarta block area
- Demonstrate a strong relationship with Sarta key community leaders
- Possess a wide understanding of the issues of the local community
- Ability to work independently and as part of a team
- Excellent communication skills
- Excellent organizational and leadership skills

Interested candidates please submit your application by email to (careers.erb@genelenergy.com) before August 5th, 2020 (Kindly mention Senior CSR Specialist in the subject of your E-mail)

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /٤٩/خ/٢٠١٨
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٧/٧
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (٢٨٤٨/١ کەرتێ ٤ منصوریە) یا قەرزدار (اسماعیل شکری) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/ سیە) ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی وەدلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (٢٨٤٨/١ کەرتێ ٤ منصوریە)
ڕەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە ئیک تابقە
ڕووبەر :- (٢٤٠ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (٤٢,٢٠٠,٠٠٠) جل ودوو ملیون ودوو سەد هزار دینارێ عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /٢٢٢/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٦/١٦
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (نهلە محمد سعید) دمولکێ ژمارە (٢٩٠/١ کەرتێ ٤٣ کیفلان) دا ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی وەدلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (٢٩٠/١ کەرتێ ٤٣ کیفلان)
ڕەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە دوو تابقە
ڕووبەر :- (١٥٠ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (١٠٥,٤٠٠,٠٠٠) سەد وپینج ملیون وجوار سەد هزار دینارێ عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

* * *

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/٣٧٠/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/٢٠٢٠/٧/١٩
ڕاگەهاندن
بو/داوالێکراو (سیفینج رزفان الیفا) ل دیف داخازیا داواکار (جلادت حسین اشور) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا بریارا (تصدیق طلاق خارجی) کری وژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجی بونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا هەلبژێرێ تاخێ (لیلاف ستی) ل ریکەفتی ٢٠٢٠/٦/١٦ ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامێت ڕوژانە دا ئامادەبی ل ڕوژا ٢٠٢٠/٨/١٧ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن
دادوەر/ زیرفان احمد حسین

* * *

دادگەها بەرایی ل ئامێدی
ژمارە/٣١/ب/٢٠١٨
میژوو/٢٠٢٠/٣/١٠
ڕاگەهاندن
بو داوالێکراوا / مدیر شرکة اسنکران اضافة لوظیفتة/ جهی ئاکنجیی نادیار
فی دادگەهی بریار دایە ل ریکەفتی ٢٠١٩/١١/١٩ دداوایا ژمارە (٣١/ب/٢٠١٩) ئەوا ژلایی داواکار (محمد سعید شعبان عبدالله)ی فە هاتیە تومارکرن ب (الزامك بدفع مبلغ قدرە (٧١٥٩٥٠٠) سبعە ملایین ومائە وتسعە وخمسون الف وخمسمائة دینار عن اجر مثل للعقار المرقم (٣٠/٢٠) مریبکا العادیە للفترە من ٢٠١٤/١/١٧ لغایة ٢٠١٨/٩/١ وتحمیلك الرسوم والمصاریف واتعاب المحاماة لوکیل للمدعی المحامی هەفکر دلوفان صالح مبلغ وقدرە (٧١٥٩٥٠) سبعمائة وخمسة عشر الف وتسعمائە وخمسون دینار وژبەر نەدیاریا خو جهیا تە ل دیف نفیسارا ریڤەبەریا پێراگەهاندنا دادوەری ل سلیمانیێ ژمارە (١٧٤٥) ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٢/١٧ پێتفیکر تو بهێنە پێراگەهاندنا ب دادگەها مە ب ڕێکا دوو روژنامین نافخویی یێن روژانە وتە مافی نەرازیبونی وپێداچوونەوی یێ هەی لسەر بریاری دماوێ یاسایی دا ژ روژا بلافکرنا فی بریاری وبەروفاژی دی بریار پلا فەبر وەرکریت
دادوەر / طارق رمضان صالح

* * *

دادگەها بەرایی ل ئامێدی
ژمارە/٣٢/ب/٢٠١٨
میژوو/٢٠٢٠/٣/١٠
ڕاگەهاندن
بو داوالێکراوا / مدیر شرکة اسنکران اضافة لوظیفتة/ جهی ئاکنجیی نادیار
فی دادگەهی بریار دایە ل ریکەفتی ٢٠١٩/١١/١٩ دداوایا ژمارە (٣٢/ب/٢٠١٩) ئەوا ژلایی داواکار (محمد سعید شعبان عبدالله)ی فە هاتیە تومارکرن ب (الزامك بدفع مبلغ قدرە (٨٠٨٦٥٠٠) ثمانیة ملایین وستە وثمانون الف وخمسمائة دینار عن اجر مثل للعقار المرقم (٣١/٢٠) مریبکا العادیة للفترة من ٢٠١٤/١/١٧ لغایة ٢٠١٨/٩/١ وتحمیلك الرسوم والمصاریف واتعاب المحاماة لوکیل المدعی المحامی هەفکر دلوفان صالح مبلغ وقدرە (٨٠٨٦٥٠) ثمانمائة وستە وثمانون الف وخمسون دینار وژبەر نەدیاریا خو جهیا تە ل دیف نفیسارا ریڤەبەریا پێراگەهاندنا دادوەری ل سلیمانیێ ژمارە (١٧٥٤) ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٢/١٧ پێتفیکر تو بهێنە پێراگەهاندنا ب دادگەها مە ب ڕێکا دوو روژنامین نافخویی یێن روژانە وتە مافی نەرازیبونی وپێداچوونەوی یێ هەی لسەر بریاری دماوێ یاسایی دا ژ روژا بلافکرنا فی بریاری وبەروفاژی دی بریار پلا فەبر وەرکریت
دادوەر / طارق رمضان صالح

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢٩٠/ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ٢٠٢٠/٧/٢١
راگەهاندن
بو / داوالیکراو : عمر احمد محمد
ل دیف داخوازیا داواکار (دیژین ادریس احمد) وکێشا ژمارە (٢٩٠/ش/٢٠٢٠) تێدا داخوازا پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) ل (٢٠٢٠/٧/١٢) دناڤبەرا وی و تە و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (زاخو) ژمارە (١٥٤٨) ل (٢٠٢٠/٧/٢٠) و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (شەهیدان/٢) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠٢٠/٧/٢٨) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بریکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفیق

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ٣/ش/٢٠٢٠/٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٨
جارِدان
بۆ/داوالێکراو (شادی محمدصادق احمد نژاد)
ئامازە بە داوای ژمارە (٣/ش/٢٠٢٠/٣) کە تایبەتە بە داواکار (کاروان عولا بیروت) و داوالێکراو (شادی محمدصادق نژاد) جۆری داوا (پەسندکردنی تەلاقی دەرەکی-تصدیق طلاق خارجی) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی (راپەرین-صلاح الدین) دادگا بڕیاریدا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٨/١٧) کە خۆت ئامادەبیت یان بریکارێکی یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت» بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ صباح قادر کاملا

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (فول سیرڤس) بۆ (خزمەتگوزاری گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ پارێزەر/ سمکو عبدالله حسن
ناونیشان/ هەولێر/ ژووری پارێزەرانی هەولێر
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٦٤١٢٨
ئیمیل/ smkodizayee@aol.com

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (فالکون) بۆ (وەبەرهێنانی خانووبەرە/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ پارێزەر/ سمکو عبدالله حسن
ناونیشان/ هەولێر/ ژووری پارێزەرانی هەولێر
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٦٤١٢٨
ئیمیل/ smkodizayee@aol.com

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Regional Security Officer

LOCATION: Erbil Office

JOB SUMMARY: Provide security management and develop security related relationships within the KAR in the KAR and dealing with all security related matters.

KEY RESPONSIBILITIES

- Provides regional security expertise and advice to TAQA Iraq management and personnel living and/or visiting the region
- Develops relationships to deliver effective security related info to TAQA Corporate Security
- Delivers security training and advice to security/medical providers, travelers, Expats, employees, and contractors
- Collaborates with Corporate Communications and Corporate Sustainability to provide an on-the-ground perspective and advice along with access to local networks
- Supports and promotes TAQA Security policies, standards, and protocols
- Monitors policy implementation and compliance on a regular basis
- Represents TAQA vis-à-vis sister companies, partners, industry experts, Government entities and other stakeholders in order to establish rapport

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Minimum of 10 years of experience in a security related sector in Iraq/KRI
- Minimum of 10 years military/law enforcement experience
- 5 years' experience in a senior management role, ideally security related
- Weapons and explosives awarenes
- Experience of training design, management and delivery
- Ability to live/work in a remote and challenging environment
- IT literate: Microsoft Office (Word, Excel, PowerPoint)

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Project Planner

LOCATION: Erbil Office

JOB SUMMARY: Provide leadership in generating Integrated Asset Planning (IAP)-related recommendations that align with the company strategic & daily operational goals to enhance overall Business Unit value. Serve as the lead mentor relevant to asset planning across the TAQA Iraq assets.

KEY RESPONSIBILITIES

- Produce and maintain the weekly, monthly, quarterly, annual and 3yr Asset plans.
- Provide data and support to the Operations Team for the weekly planning meetings
- Monitor and report on adherence to Project Gate Criteria and activity readiness.
- Ensure the Plans and POB Tracking data are aligned with POB & journey constraints.
- Participate in decision forums to decide on priorities and ensure these are reflected in plans and communications.
- Develop, maintain and own Level 4 (Track Coordinate Plan - TCP) plans and integrate into overall Asset plans through IAPS processes.
- Integrate 3rd party plans into asset plans where required.

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Detailed knowledge of Primavera P6 or higher.
- Integration of business and technical risks directly in the plan to assist the user group in the understanding of the true probability distribution of task execution.
- Fluency in English, both written and spoken.
- Minimum of ten years integrated asset-planning experience in an oil/gas or petrochemical process facilities.
- Minimum of 5 years experience in a Senior Technical role involving: engagement & translation
- Ability for creative thinking in developing technical solutions to achieve TAQA Iraq Business goals.

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:١٠٨٦/ش/٢٠٢٠/٣
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٠
جارِدان
بۆ داوالێکراو: (سفين حسن قادر)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار: (دەریا مصطفی علی) داوای ژمارە (١٠٨٦ /ش/٢٠٢٠/٣) ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە، تیایدا داوای (نفقة) دەکات، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی (٢٠٢٠/٨/٢٣) بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادەر/ صباح قادر كاملا

* * *

مديرية العامة للدوائر العدلية
دائرة كاتب عدل زاخو
العدد/ ١٢٦
التاريخ/ ٢٠٢٠/٧/١٥
اعلان
الى المنذر اليهم/ ١- احمد حاجي رشيد / ٢- يوسف حاجي رشيد
بناء على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة ٢٥/٤٩٣٢ انذار/٢٠٢٠ المؤرخ في ٢٠٢٠/٧/٨ والمتضمن المطالبة بحضوركم امام ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو صباح يوم ٢٠٢٠/٧/٢٨ ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم ٩١٥/٥ مقاطعة ١٤ عباسية و المشتراة من قبل المنذر صالح احمد عبدالله و لمجهولية محل اقامتكم حسبما جاء باشعار مختار المحلة و كتاب مركز شرطة بيدار ١٣٠٩ و ١٣١٠ المؤرخ في ٢٠٢٠/٧/١٥ تقرر نشر تبليغكم في صحيفتين يوميتين.
كاتبة العدل زاخو/ دنيا محمد رشو

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سێمێل
ژمارە/ ١٥٣١/ت/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/١٥
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە رادگەهینیت بفرۆتنا پشکین قەرزدار حسن رشید حسن ژ ماڤی مایتێچوونێ (حق التصرف) د مولکین لخاری دیارکری بو جارا دووی ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پێداچوونا ڕێقەبەریا مە بکەت د ماوێ ١٥ پازدە رۆژاندا کو دەستپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ و دڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە ١٠٪ ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسنامە عیراقی و بو زانین رەسمێ لێسەندنی و دەلالیێ لسەر بکری نە. ١- ژمارا مولکێ ١٣/١ کەرتێ ٦٢ باطرشە ل سیمیلی، روبەر ٢٥٢ دونم و ٢٠ اولك و ٦ م٢ ، کوژمی سەهان ٦٣٢٠٠٦ ، پشکا قەرزار ژ سەهان ٩٩١٤، بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قەرزاری ٢٣,٧٩٣,٦٠٠ بیست و سێ ملیۆن و حەفت سەدو نەوەت و سێ هەزار و شەش سەد دینار.
٢- - ژمارا مولکێ ١٤/١ کەرتێ ٦٢ باطرشە ل سیمیلی، روبەر ٤٠٤ دونم و ٩ اولك و ١٠ م٢ ، کوژمی سەهان ١٠١٠٩١٠ ، پشکا قەرزار ژ سەهان ١٥٨٥٧، بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قەرزاری ٤٧,١٩٠,٤٣٢ چل و حەفت ملیۆن و سەدو نوت هزار و چوار سەدو سیە و دوو دینار.
٣- - ژمارا مولکێ ١٥/١ کەرتێ ٦٢ باطرشە ل سیمیلی، روبەر ٤٥ دونم و ٦ اولك و ١٠ م٢ ، کوژمی سەهان ١١٣١١٠ ، پشکا قەرزار ژ سەهان ١٧٧٤، بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قەرزاری ٨,٥١٥,٢٠٠ هەشت ملیۆن و پێنج سەد و پازدە هەزارو دوو سەد دینار.
٤- - ژمارا مولکێ ١٦/١ کەرتێ ٦٢ باطرشە ل سیمیلی، روبەر ٣١٥ دونم و ٧ اولك و ٢٠ م٢ ، کوژمی سەهان ٧٨٨٢٢٠ ، پشکا قەرزار ژ سەهان ١٢٣٦٤، بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قەرزاری ٣٩,١٦٩,١٥٢ سیە و نۆ ملیۆن و سەد و شەست و نەهە هەزار و سەد و پەنجا و دوو دینار.
٥- - ژمارا مولکێ ١٨/١ کەرتێ ٦٢ باطرشە ل سیمیلی، روبەر ١٥٧ دونم و ٨ اولك و ١٣ م٢ ، کوژمی سەهان ٣٩٣٣١٣ ، پشکا قەرزار ژ سەهان ٦١١٦٩، بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قەرزاری ٧٤,٠٢٨,٠٠٠ حەفتاو چوار ملیۆن و بیست و هەشت هزار دینار. ٦- - ژمارا مولکێ ١٩/١ کەرتێ ٦٢ باطرشە ل سیمیلی، روبەر ٣٥ دونم و ٧ اولك و ١ م٢ ، کوژمی سەهان ٨٨٢١٠ ، پشکا قەرزار ژ سەهان ١٣٨٤، بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قەرزاری ١٦,٦٠٨,٠٠٠ شازدە ملیۆن و شەش سەد و هەشت هزار دینار.
جێبەجێکاری داد/ ریبر سلمان خالد

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/٣٦٣٤
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢١
ئاگاداری
بۆ/ فاطمة حمد مصطفى
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ریکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (ازاد عمر احمد) کە بڕی (٨٠,٠٠٠,٠٠٠) هەشتا ملیۆن دینارە. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

دادگەها بەرایی / زاخۆ
ژمارە /١٣٠/ ب/٢٠٢٠
التاريخ/ ٢٠٢٠/٧/٢١
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراوان/ (هجر امين كردى) جهێ ئاکنجیبینا تە یا بەرێ زاخو – شعبانیه و (مهدی خورشید عبدالله) جهێ ئاکنجیبینا تە یا بەرێ زاخو -- ڕۆژێن , جهێ ئاکنجیبینا نوکە نە دیارە .
ڤێ دادگەهێ ل ڕۆژا (٢٠٢٠/٧/١٣) ل داوا ژمارا (١٣٠/ب/٢٠٢٠) بریار دا ب مولك کرنا خانووبەرێ ژمارە (١٥٢/١٢ کەرتێ ١٤ عباسیە) (عەرد وئاڤاهی) بناڤێ (دولت محمد تمر) و دگەل خەرجی خستنە ئەستوو ماندیبوونی پارێزەر بو بریکارێ داواکار پارێزەر (صلاح الدين سلمان سيڤو) ب کوژمێ (٢٤٠,٠٠٠) دینار , و ژبەر دیار نەبینا جهێ ئاکنجیبینا وە لدیڤ نڤیسارا بنگەهێ پولیسێت (زاخو) ژمارە (١٥٤٩) ل رێکەفتی (٢٠٢٠/٧/٢٠) وهەڤپێچ دگەل پەسەندا هەلبژارێ گەرەکا شعبانیه و نڤیسارا بنگەهێ پولیسێت (کارێز) ژمارە (٢٢٣٢) ل رێکەفتی (٢٠٢٠/٧/١٩) وهەڤپێچ دگەل پەسەندا هەلبژارێ گەرەکا ڕۆژێن کو تێدا هاتیە دیارکرن ((ناڤێ وی د دتومارا تاخێ مەدا یا هەی بەلی نوکە ئەم نزانن ئاکنجیێ کیڤەیە وجهێ ئاکنجیبونا وی نەدیارە)) , دادگەهێ بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاکەهداریێ د دوو ڕۆژنامە یێن نافخویی و ڕۆژانە دا ، دا هوین بهێنە ئاگەهدارکرن ب بریارێ ، وئەڤ بریارە هەلاویستیە لسەر سەرنەهێنانەبەر ژ سیندخارنێ لدەمێ نکولێ و نەرازیبوونێ و وە مافێ نەرازیبین و پێداچوونێ هەیە دماوێ یاساییدا و بەروڤاژی بریار دێ پلا بنبرێ وەرگرت ...
دادوەر/ يوسف الياس سدن

* * *

دادگای بەرایی کەلار
ژمارە : ٤٢١ / ب / ٢٠٢٠
بەروار / ١٥ / ٦ / ٢٠٢٠
ئاگادارکردنەوە
بۆ کەسانی سێیەم (١ – محمد عارف میرزا ، ٢ – جوان عارف میرزا) کە پێشتر نیشتەجێی کەلار - گەڕەکی ئازادی ، بەڵام ئێستا شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە.
بۆیە ئەم دادگاییە بڕیاریدا لە رۆژی (٢٠٢٠/٦/٨) بە ادخال کردنتان وەك کەسی سێیەم بەمەبەستی ڕونکردنەوە لە داوای ژمارە ٤٢٢ /ب/٢٠١٥ کە لەم دادگایە تۆمارکردووە و تیایدا داوای قەدەغەکردنی نواگیریەکەی (منع معارضة) لە خانوی ژمارە (AG٢٥) هیلان ستی کردووە، ئەوە بوو پسوڵەی ئاگادارکردنەوە نێردرا بۆ ئاگادارکردنەوەتان بەڵام بە پێی ڕاڤەی ئاگادارکەرەوە و پاش پشتگیری ئەنجومەنی گەڕەکی (کەلار-ئازادی) بینرا لەو شوێنە نەماون و لە ئێستادا شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە، بۆیە دادگا بڕیاریدا لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بۆ ئامادەبونتان لە دادبینیکردنی رۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٦ کاتژمێر (١١:٠٠) ی پێش نیوەڕۆ لەم دادگایە، بە پێچەوانەوە دادگا بە پێی یاسا بەردەوام دەبێت لەسەرکارەکانی لە بینینی داواکە.
دادوەر / حسن احمد عباس

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٧٠٧٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/١٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (فالکون) بۆ (وەبەرهێنانی خانووبەرە/ سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (فالکون) بۆ (وەبەرهێنانی خانووبەرە/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٧/١٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سمکو عبدالله حسن) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٧/١٩
پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٧٠٧٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/١٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (فول سیرڤس)
بۆ (خزمەتگوزاری گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (فول سیرڤس) بۆ (خزمەتگوزاری گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٧/١٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سمکو عبدالله حسن) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٧/١٩
پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

هەرێمی کوردستان – عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی کارەبا

نووسینگەی وەزیر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان

ژمارە: 2601

ڕێکەوت: 2020/7/20

کەمکردنەوەی نهێنی ژمارە (1) ساڵی 2020

وەزارەتی کارەبا کەمکردنەوەی نهێنی ڕادەگەیەنێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی (چاککردنەوەی گۆرەری وێستگەی ئاشتی (33/11 KV) بەقەبارەی 16MVA لە جۆری ABB) لە شاری کۆیە بە مەبەستی چارەسەر کردنی بار زۆری فیدەرەکانی وێستگەی خانزاد و چەژنی کان جا هەر بەلێندەرێک یان کۆمپانیایەک ئارەزووی بەشداربوونی هەیە بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێ سەر لە بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بدات لە وەزارەتی کارەبا بۆ وەرگرتنی تەندەرو مەرجەکانی.

مەرجەکانی بەشداریکردن:

1- جێ بەجێ کردنی کارەکان دەبێت بە پێی ڕێنماییەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە(2) ساڵی (2016) و ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت.

2- هەموو کارەکان دەبێت ئەنجام بدرێت بە پێی مواسفاتی وەزارەتی کارەبا.

3- ماوەی ئەنجامدانی پرۆژەکە (150) سەدو پەنجا ڕۆژی تەقویمیە دووای هەفتەیەک لە بەرواری واژووکردنی گرێبەست.

4- بەلێندەر دەبێت پابەند بێت بە مەرجەکانی دواکەوتن بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بە پێی هاوکێشەی پێبژاردنی رۆژانە (گۆڕەی گرێبەست / ماوەی ڕۆژەکانی گرێبەست) ×10% لە ڕێنماییەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە گشتیەکان.

5- ماوەی گەرەنتی و چاککردنەوەی پرۆژەکە دەکاتە (12) مانگ لە بەرواری ئیش پێکردنی محویلە لە ناو وێستگە.

6- بارمتەی سەرتایی بریتیە لە (2.693.000) دوو ملیۆن و شەش سەدو نەوەدو سێ هەزار دینار کە بە چەکێکی پەسندکراو یاخود بە شێوەی (دەستەبەری بانکی).

7- 5% لە کارە ئەنجامدراوەکانی کۆتایی دەبردرێت وەک و بارمتەی کۆتایی (چاککردنەوە).

8- کۆمپانیا دەبێت بە لایەنی کەم یەک کاری هاوشێوەی پرۆژەی هاتووی ئەنجام دابێت.

9- بەڵێندەر نابێت بە هیچ جۆرێک فەرمانبەرانی وەزارەتی کارەبا لە کارەکە بە کاربهێنێت.

10- لە کاتی هەبوونی جیاوازی لە نێوان دەرخستەو دیزاین (نەخشەکان) بریاری ئەندازیاری سەرپەرشتیار وەردەگرێت.

11- دەبێت کۆمپانیا لە پلە نۆ کەمتر نەبێت ئەگەر بەڵێندەرایەتی بێت وە ئەگەر کۆمپانیا بازرگانی گشتی بێت پێویستە تۆمارکرابێت و وێنەیەک لە تۆمار پێشکەش بکات لە گەڵ ئۆفەر.

12- گەرانەوەی ئۆفەری دارایی و تەکنیکی لە زەرفێکی داخراو دەبێت.

13- دەبێت تەندەرەکە مۆر و واژووی کۆمپانیای لەسەر بێت.

14- بەڵێندەر دەبێت ئەندازیاری کارەبایی بۆ پرۆژەکە دەبێت تا وەک و پرۆژەکە تەواو دەبێت.

15- وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە وەزارەتی کارەبا / ب. گرێبەستەکان دەبێت.

16- ئامادەبوونی نوێنەری کۆمپانیا لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەکان.

17- کرێ ی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ئەستۆی ئەم کۆمپانیایە دەبێت کە بۆی دەردەچێت.

18- هیچ تەندەرێک لە دوای کاتی دیاریکراو وەرناگرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.

19- نرخی کرینی تەندەر (100.000) سەد هەزار دینارە بە پێی پسوولەیەک کە بۆی ناگەڕێتەوە.

20- ئەگەر بە هەر هۆیەک ڕۆژی دیاریکراو بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر بووە پشوو ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی فەرمی دووای ئەو بەرواره دەبێتە دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر.

21- جگە لەو خالانەی سەرەوە هەر مەرجێکی تری تەکنیکی پەیوەست بە پرۆژەکە لە ناو تەندەر هاتووە و مەرجێکە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکە.

22- دووا ڕۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە ڕۆژی چوار شەممە لە ڕێکەوتی (2020/7/29) دەبێت کاتژمێر (10)ی سەر لە بەیانی لەبەر کەم بونەوەی کاتی دەوام بە هۆی ئەو بارودۆخە تەندروستیەی کە هەیە.

ئەندازیار

کمال محمد صالح

وەزیری کارەبا

کاریکاتێر



ئالأي ولأتان

مانشێت



ئیندیپێندێنت:
دوای پێنج رۆژ کۆبوونەوەی چڕ، سەرکردەی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا سەبارەت بە تەرخانکردنی **750**ملیار یۆرۆ وەک بودجەیەک بۆ هەڵساندنەوەی ئابووری وڵاتانیان رێک کەوتن.

ئۆبزێرڤەر:
عومدەی شاری پۆرتلاندی ویلایەتی ئۆریگۆنی ئەمەریکا داوای لە هێزە فیدرالیەکان کرد لە شارەکە بکشێنەوە.

سکای نیوز:
ئۆکسفۆرد رایگەیاند کە ڤاکسینی ئێسترا زینیکای دژی ڤایرۆسی کورۆنا سەرکەوتنێکی بەرچاوی وەدەست هێناوە و بەرگریەکی باشی بۆ ئەوانە دروست کردووە کە لەسەریان تاقی کراوەتەوە.

یۆرۆ نیوز:
لە شەقامی ئەبونەواسی بەغدا ژمارەیەک چەکدار بە دوو ئۆتۆمبیل هێلا مویسی چالاکوانی ئەڵمانییان رفاند.

ئەی ئێف پی:
کۆریای باشوور بۆ یەکەم جار مانگێکی دەستکردی سەربازیی ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان کرد.

ڕۆیتەرز:
ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان داوای لە ئازەربایجان و ئەرمینیا کرد دان بەخۆیاندا بگرن و هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخی ناسەقامگیری نێوانیان بدەن.

لە ماوەی 56 ساڵدا زیاتر لە 73 هەزار کەس لە مەکسیک بێ سەروشوێن بوون



میدیاکانی مەکسیک بە پشتبەستن بە داتاکانی وەزارەتی ناوخۆ، ڕایانگەیاند کە لە میانی **56** ساڵی ڕابردوودا، بە تێکڕایی **73** هەزار و **201** کەس بێ سەروشوێن بوون کە دەرکەوتووە سێ هەزار و **978** کەسیان لە گۆڕی نەهێنیدا بەخاک سپێردراون.ڕاوێژکاری سەرژمێری و کۆچ، ئالێخاندرۆ ئێنجیانس لەم بارەوە ڕایگەیاند "لایەنە پەیوەندیدارەکانمان لەوە ئاگادار کردووەتەوە کە لە تۆمارە سەرەتاییەکانەوە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تا ئێستا **73**هەزار و **201** کەس بێ سەروشوێن بوون. لە ئاکامی ئەو ڕووداوە تووندوتیژیانەی بەهۆی ئەو بەرەنگاربوونەوەی لە **2006** سەرۆکی ئەو کاتی مەکسیک، فێلیپ کالدێرسۆن بازرگانانی مادە هۆشبەرەکان دەستی پێ کردبوو و دواتریش ئێنریکو پێنا نیەتۆ-ی جێگرەوەی بەردەوامی پێ دا، زیاتر لە **300** هەزار کەس گیانیان لەدەست دا و زیاتر لە **340**هەزار مەکسیکیش ئاوارە و دەربەدەر بوون لەسەر مالوحاڵی خۆیان.لە **2018**لە مەکسیک کە ژمارەی دانیشتوانی **120**ملیۆن کەسە، **35** هەزار و **964** تاوان ئەنجام دراون لەلایەن بازرگانانی مادە هۆشبەرەکان.

عێراق و پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنی سنوور لەگەڵ تورکیادا



عەبدلوەهاب بەدرخان



دوای ئەنجامدانی دیالۆگی ستراتیژی نێوان ئەمریکا و عێراق، چاوەڕان دەکرا، هەڵوێستی تازەی بەغدا، هەتا واشنتنیش، لە بارەی هاتنی هێزەکانی تورکیا بۆ نێو خاکی عێراق ڕوونتر دەربکەوێت. ناکرێت بەرگریکردن لە (سەروەریی)، بکرێتە ناونیشان و پاشخانی لێک تێگەیشتن لە ڕۆڵی ئەمریکا لە عێراقدا، بێ خۆ ئامادەکردن بۆ دانانی سنوورێک بۆ دەستوەردانەکانی تورکیا و ئێران، نەخاسمە ڕەنگدانەوەی بەسەر عێراقدا جیاوازە. بوونی ئەمریکا لە ژێنواری ئێستادا، بووەتە فاکتەری بەهێزترببوونی وڵات، لە میانی کردەکانی هێزی چەکدار، ئاسایش و هێزی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی، هەروەها بووەتە فاکتەری هاوسەنگی لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و، لە نێوان دەوڵەت و هێزە چەکدارەکاندا، کە بە پارەکانی ئەو پرچەک دەکرێت و ڕکابەریشی دەکات لەسەر پێگەکەیدا.

عێراق، هەر کاتێک بیەوێت و بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی و ئەو ڕێکەوتنانەی کراوە، لەسەر کەمکردنەوەی هێزەکان، یان کێشانەوەی، لەگەڵ ئەمریکا ڕێکبکەوێت. بەڵام شتەکە لەگەڵ دوو وڵاتە دراوسێیەکە جیاوازە. پێشتر هیچ بەرپرسێکی ئێرانی یان تورکی، بەڵگەنامەیەکی مۆرکراویان لەگەڵ عێراق نیشان نەداوە، کە تێیدا هاتبێت، بەغدا بە فەرمی داوای دەستوەرانیانی کردبێت. تەهران، پشتی بە ڕەزامەندی حکومەتەکانی پێشوو بەستووە، کە بەرپرسەکانی، لە چەند لایەنێک بوون، ئەوانەی پەیوەندی ئایدۆلۆجی ئایینی و سیاسییان لەگەڵیدا هەبوو و بۆ سەردەمی ڕژێمی پێشوو دەگەڕێتەوە، بۆیە بە چاودێری ئێرانەوە، چەندین میلیشیا و باڵی سەربازیی دامەزراون. هەر بۆیە تەهران هەموو کاتێک دەڵێت، ئەو دەستوەردانی نەکردووە و هیچ بوونێکی سەربازیشی لە عێراقدا نییە، بەڵکو چەند کۆمەڵەیەکی ئیتنی هەن، کە لە (هێلی بەرخۆدان)دا گلاون. هەرچی تورکیایە، لە ساڵانی دواییدا، فراوانی لە پیادەکردنی بڕیاری **1983** لەگەڵ ڕژێمی پێشووی عێراقدا کردووە، کە ڕێگەی پێدابوو لە نێو خاکی عێراقدا، بە دوای چەکدارانی (پارتی کرێکارانی کوردستان) بکەوێت، بۆیە لە سنووری **15**کیلۆ مەترەوە بۆ زیاتر لە **40** کیلۆمەتر ڕەتی داوە. بە پێچەوانەی ئەو ڕێکەوتنەش، چەند بنکەیەکی جێگیری داناوە، خەریکە بنکەی دیکەش دادەنێت.

سەپاندنی ڕاستیی تازە دەگەڕێتەوە، کە پێش دیالۆگی ستراتیژی نێوان واشنتن و بەغدا بوو. ئاشکرایە، ترسان لە هێواکانی کورد و پارتە چەکدارەکانیان، تورکیا و ئێرانی بەیەکەوە کۆ کردووەتەوە، بەڵام تەنگژەی ئێستای عێراق ئەوەیە، حکومەتی هەرێم، چۆل و جیاکەرەوە لەنێوان هێزەکانی تورکیا و پەکەکەدا. لەو دەمەی هێزەکانی تورکیا بەرەو عێراق دەستیان بە جوولەکردن کردووە، سوپای پاسدارانی ئێرانیش، ناوچەی دۆڵی ئالانە و چیای حاجی ئۆمەرانی تۆپباران کردووە، کە سەربازگە و بارەگەی پارتی (پژاک)ی کوردی ئێران لەوێن. ئەو هاوەدەمەیش، یەکەم بۆ بوونی هاوڕێتمی لەنێوان ئەنکەرە و تەهران، دووەم بۆ هەوڵی تورکیا، بۆ بەرپرسیاریەتییەکە دەخاتە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا، لەو کاتەی هەردوو دەستوەردانەکەی تورکیا و ئێران، بۆ سەر هەرێمی کوردستانە، کە نایەوێت ڕووبەڕووی پارتی کرێکارانی کوردستان و پژاک لەلایەک، تورکیا و ئێرانیش لەلایەکەی دیکە ببێتەوە، هەروەها بە دەستوەردانی حکومەتی فیدراڵیش لە بارەی (سەروەری)یەکەی، کە خاکەکانی بگرێتەوە ئاسوودە لەهەردوو حاڵەتیشدا، بەغدا دەتوانێت پەنا بۆ (هاوبەش)ەی ئەمریکییەکەی ببات، بۆ ئەوەی ئاسانکاریی لێک تێگەیشتنی لەگەڵ ئەنکەرەدا بۆ بکات، چونکە بووەتە شتێکی دڵنیا و بەرجەستەکراو، پەردەیەکی ئەمریکیی بۆ ڕۆڵەکانی تورکیا لە سووریا، عێراق و لیبیادا هەیە.



و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە:
www.alittihad.ae

ئەنجوومەنی وەرزشکارانی کورد لە تاراوگە راگەیەندرا

مەسعود ناسری: ئەنجوومەنەکەمان دەبێتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی وەرزشکارانی کورد لە تاراوگە و ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیمان





ساسان دەروێش


لە ڕابردوو ئێستاشدا بۆ وەرزشکارانی کورد لە تاراوگە ، تەنها بوونی ئاڵای پیرۆزی کوردستان بەس بووبێ بۆ ناساندنی ناسنامەی وەرزشوانانی کورد لە نێو کۆمەڵگە جیاوازەکان لە هەندەران و بەشداریکردنیان لە پاڵەوانێتیە جیهانیەکان لە ڕێگایی یانە بیانیەکان و ئەندام بوونیان و سەرکەوتنەکانیان ئاڵای کوردستانیان لە شان و مل و سەری خۆیان بکەن ، کە بێ دەوڵەتی گرفتی هەرە گەورەیانە کە نەیانتوانیوە بە ناوی کوردستان و پاڵەوانانی کورد بەشداربن وەك وەرزشوانانی وڵاتانی خاوەن دەوڵەت.



ڕابردوودا بەهەوڵ و هیمەتی دڵسۆزانەی چەند وەرزشکارێکی دێرینی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە چەند ساڵێکە خەریکی بیرۆکەیەك بوون بۆ کۆکردنەوەی وەرزشوانان لەژێر چەترێکدا بۆ بەرگریکردن و ڕێکخستنی پاڵەوانیەتیەکانیان و ناساندنیان وەك کورد بەداخەوە بەهۆی پەتای کۆرۆنا کارەکانیان دواکەوت، خۆشبەختانە توانیان بەشێوەی ئۆنلاین بەرهەمی کۆکراوەی ئەو چەند ساڵەیان پێکەوە لە بەشداربوانی وڵاتانی جیاواز لە هەفتەی دەستەیی نوێ ولە کۆکراوەی ئابوونەی ئەندام بوون سەرچاوەیەکی داهات پێکەوە بنێن و لەگەڵ ئەمانەشدا کاری ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن کۆڵەکەی بەرەوپێشبردنی



دەبێت کە بتوانن لە ئایندەدا بەنێودەوڵەتی بوون و باوەڕپێکردنی ئەنجومەنەکە بخەنە ڕێڕەوی چالاکیەکانی نێودەوڵەتی وبەپێی بڕیاروراسپاردەکانی ئەو کۆنفرانسەش لە هەوڵی ئەوەشدان لە ئایندەدا دەنگێك بن بۆ وەرزشکارانی پارچەکانی تری کوردستانیش، ئامانجی سەرەکی ئەو ئەنجومەنەش تەنها خزمەتکردنی وەرزش و وەرزشکارن و پاڵەوانانی وەرزشی پێدەرەتانی کوردە لە ناوخۆ و ودەرەوەی وڵاتە کە بتوانن بەماڵی خۆیانی بزانن و لە داهاتووشدا ببێتە پاڵپشتێکی



گەورەی مادی و مەعنەوی وەرزشکاران و ڕێکخراوێکی مەدەنی و پیشەیی و چالاکی سیاسی نابێ ، لەم کۆنفرانسەشدا یاریزانی دێرین و خاوەن بیرۆکەکە، مەسعود ناسری کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و هەڵبژێردراوە بەسەرۆکی ئەنجومەنەکە و سەرەتا مەسعود ناسری پیی خۆش بوو خۆی بناسێنێت بە خوێنەرانی خەبات و وەرزشوانانی کوردستان و پاشان باسی لە بیرۆکەی دروستکردنی ئەم هەنگاوە پیرۆزەی کرد و کەمێك گەڕایەوە بۆ مێژوو و هەروەها ئامانج و مەبەستی ئەم کۆکردنەوەی بۆ داهاتوو ڕوونکردەوە.

لە دریژەی قسەکانیشیدا ئاماژەی بەوەکرد لە خۆیان ڕادەبینن کە بتوانن سەرکەوتووبن و هیچ پشتیوانیەکیان دروستکردوە بۆ ئەم دڵنیابوونە،

لە کۆتایشدا باسی لە فراوانی ئەم هەنگاوەی کرد کە بتوانن بەهیمەتی ئەندام بوونی هەموووەرزشوانان هەنگاوەکان خێراترو فروان بکەن و

پێشنیاریشی بۆ لاپەڕەی ڕۆژنامەی تایبەتی وەرزشکرد لە خەبات و بەگرنگی وەسفیکرد بتوانن هاوکارمان بن.

سان جێرمان واز لە ئەستێرەکانی میرینگی ناهینێت

ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی ئیسپانی ئاشکرای کرد کە یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی بەنیازە لە وەرزی داهاتوودا یەکێك لە ئەستێرەکانی یانەی ریال مەدرید بباتە ریزەکانییەوە.

بەگوێرەی پرۆگرامی شیرینجیتۆی ئیسپانی، یانەی سان جێرمان لەهەوڵی بەردەوامیدایە بۆ ڕازیکردنی ڤینیسۆس جۆنیۆری بەرازیلی بۆ ئەوەی سانتیاگۆ جێبهێڵێت و ڕووبکاتە پاریسییەکە لە وەرزی داهاتوودا.

هەر بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی ئیسپانیاشەوە ئەوە جاری یەکەم نییە یانە پاریسییەکە بەدوای ئەستێرەکانی ریال مەدریدەوەیە، کە دواترینیان ڤینیسۆسە، ئەگەرچی ئەو یاریزانە بەرازیلییە لە ساڵی ٢٠٢٥ گرێبەستەکەی کۆتایی دێت، بەڵام بەهۆی چاکبوونەوەی هازارد شوێنی ئەو یاریزانە لەق دەبێت و سان جێرمانیش ئەو هەلە قۆستۆتەوە بۆ ئەوەی بیباتە ریزەکانییەوە.



فاتی لە گریزمان باشترە

ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا ئاماژەی بە لێهاتوویی ئاستی ئینسۆ فاتی ئەستێرەی تازەپێگەیشتوانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی بەرشلۆنە کرد، کە لەم وەرزەدا ئاستیکی باشی پێشکەشکردووە.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵی ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا، فاتی لەم وەرزەدا لە هەر ١٣٥ خولەکدا گۆڵێکی تۆمارکردووە، واتە پێش ڤینیسۆس کە و تۆتەوە کە لە ٤٢١ خولەکدا گۆڵی تۆمارکردووە هەروەها بەپێش ڕۆدریگۆ کەوتۆتەوە کە ئەمەی دوایی لە ٥١١ خولەکدا گۆڵی تۆمارکردووە، وە ڕێژەی گۆڵەکانی فاتی زۆر زیاتر بووە لە گریزمان.

پوختی توانای خۆی بکاتەوە

ریکی پویجی ئەستێرە لاوە درەوشاوەکەی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی لە ساتەکانی دوایی لالیگادا و لە سەرەتای بەشداریکردنی یارییەکانی تیپی یەکەمی بەرشلۆنەدا، بەهۆی ئاستەبەرزەکەیەوە سەرنجی هەمووان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت.

ئەو یاریزانەی هێلی ناوەڕاست کە تەمەنی تەنها ٢٠ ساڵە، لە ١٢ یاریی بەرشلۆنەدا لەسەر دەستی کیکی سیتینی ڕاهێنەر بەشداری کردووە و لەهەر ١٢ یارییدا بەئاستیکی بەرز و جێی سەرنج دەرکەوتووە، کە لە ٥ یارییدا بەشێوەی سەرەکی بەشداری کردووە و توانی زوو جێگای خۆی لە پێکهاتەکەدا بکاتەوە.



کریستیانۆ ژمارەیەکی دیکەی پێوانەیی تۆمارکرد



کریستیانۆ رۆنالدۆ بە تۆمارکردنی دوو گۆڵ لە لازیۆ لە هەفتەی ٣٤ ی خولی ئیتالیا، ژمارەی گۆڵەکانی لەم وەرزە لە سێریا ئەی گەیاندە ٣٠ گۆڵ.

رۆنالدۆی پرتوگالی و یانەی یۆڤانتسی ئیتالی بە تۆمارکردنی ٥٠ گۆڵ لەگەڵ ئەو یانەیە ژمارەیەکی دیکەی پێوانەیی تۆمارکرد، رۆنالدۆ تاکە یاریزانە لە هەر سێ خولی ئینگلیزی و ئیسپانی و ئیتالی زیاتر لە ٥٠ گۆڵ تۆماربکات، پێشتر هیچ یاریزانێک نەیتوانیوە ئەو ژمارەیە تۆمار بکات.

یاریزانە پرتوگالیەکە لە چوار یاری داهاتووی یانەکەی پێویستی بە پێنج گۆڵە تا بتوانێت پێش لیڤاندۆڤیسکی بکەوێت و ببێتە خاوەن پێڵاوی زێڕینی ئەوروپا بۆ تۆماکردنی زۆرترین گۆڵ لەسەرئاستی خولەکانی ئەوروپا.

پرسەنامەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش بۆ کۆچی دوایی خارە نامق



بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا نامق عزیز ناسراو بە (خارە نامق) مان پێگەیشت کە یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەری هەردوو یانەی هەولێر و دهۆک و وەرزشوانێکی دڵسۆز بوو بۆ وەرزشی کوردستان، بەناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەیان دەکەین لە خوای گەورە داواکارین دواییں خەمیان بێت و خوالێخۆشبوو جێگای بەهەشت بێت.

د. شاکر ئەحمەد سمۆ
بەڕێوەبەری گشتی وەرزش

کازۆرلا بووبە قەتەڕی

یانەی سەدی قەتەری، بەشێوەیەکی فەرمی گواستنەوەی سانتی کازۆرلا، ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ڤیاریالی ئیسپانیی بۆ ریزەکانی یانەکەی ڕاگەیاند.

سەد لەسەر ئەکاونتی فەرمی خۆی لە تویتەر ڤیدیۆیەکی یاریزانەکەی داناوە و نووسیوویەتی، ڕێککەوتنی نێوان ئێمە و سانتی کازۆرلا تەواو بوو، یاریزانەکە لە نزیکدا دەگاتە دەوحە و نووسیوویەتی بەخێربێیت سانتی بۆ یانەی سەد.

کازۆرلا لە ساڵی ٢٠١٦ بەهۆی نەخۆشی گانگرینەوە خەریکبوو واز لە یارییکردن بهێنێت و پزیشکەکانیش پێیانگوتبوو، کە چیدیکە ناتوانێت بە قاچەکانی بڕوات، بەڵام یاریزانەکە دوای چەند نەشتەرگەرییەك گەڕایەوە و ئێستاش لە یارییکردن بەردەوامە و لە وەرزی نوێدا لەژێر ڕاهێنەرایەتی چافی لە سەدی قەتەڕی یاری دەکات.

گرێبەستکردنی یانەی سەد لەگەڵ سانتی کازۆرلا لەکاتێکدایە، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر یانەکە گرێبەستی چافی هێرناندێز، ڕاهێنەری یانەکەی بۆ وەرزێکی دیکە نوێکردەوە.

یۆڤانتۆس

هەنگاوێک لە ناسناوی سێریا ئەی دووەرە

دوای ئەوەی لە هەفتەی ٣٤ ی خولی سێریا ئەی ئیتالیا بە دووگۆڵ بەرامبەر گۆڵێک لە لازیۆی بردەوە کۆی خاڵەکانی گەیاندە ٨٠ خاڵ.

تەنها چوارگەر لە خولی ئیتالیا ماوە، یۆڤانتس پێشەنگی بە ٨٠ خاڵ گرتووە و ٨ خاڵ لە پێش دووەمی ریزبەندی کە یانەی ئینتەرمیلانی ئیتالیە و ٧٢ خاڵی کۆکردۆتەوە دووەرە، یۆڤانتس لە چوارگەڕی ماوەی خولەکە تەنها پێویاتی بە ٤ خاڵە تا ببێتە پاڵەوانی سێریا ئەی، واتا بە بردنەوەیەك و بەرامبەریەك جامی پاڵەوانێتیەکە بەرزدەکاتەوە.

لە هەفتەی ٣٤ ی خولەکە رۆنالدۆ دوو گۆڵی یانەکەی تۆمارکرد و توانی سەرکەوتنێکی گرنگ پێشکەش بەیانەکەی بکات و پێشەنگی گۆڵکارانی خولەکەش بە ٣٠ گۆڵ وەربگرێتەوە.

لیڤاندۆفسکی پاڵێوراوە بەهێزەکەی بالۆن دۆر

یانەی بایرن میونشینی ئەڵمانی تیشکی خستە سەر بریاری ڕەتکردنەوەی بەڕێوەچوونی ئاهەنگی ڕێزەسمی تۆپی زێڕینی ئەمساڵە، بەڵام بایرن ناراستەوخۆ هەڵوێستی خۆی لەسەر نیشاندا.

ئەو یانەیە ئەو هەڵمەتەی لە تویتەری فەرمی تایبەت بە خۆی دەستپێکردووە چونکە ڕۆبیرت لیڤاندۆفسکی ئەستێرەکەی دیارترین پاڵێوراوی ئەم خەڵاتەیە، چونکە لە ٤٣ یاریدا ٥١ گۆڵی هەیە، ئەمە جگە لەوەی لەم وەرزەدا لەگەڵ یانەکەی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە بەدەستهێنانی نازناوەکانی خولی ئەڵمانیا و هەروەها جامی ئەڵمانیا.



بەهۆی کۆرۆناوە بالۆن دۆر دابەش ناکرێت



گۆڤاری فرانس فوتبۆڵ بە فەرمی ڕایگەیاند کە ئەم ساڵ ٢٠٢٠ خەڵاتی بالۆن دۆر نابەخشرێت.

لە لێدوانێکیدا پاسکال فێرێ سەرنووسەری گۆڤاری فرانس فۆتبۆڵ بە ئەسۆشێتد پرێسی ڕاگەیاند، کە ئەم ساڵ خەڵاتەکە نابەخشرێت، پاساوی ئەوەشی بۆ کاریگەریەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا گەڕاندۆتەوە.

ناوبراو ڕوونی کردۆتەوە کە دوای کەرەنتینە بە هۆی ئەوەی یاساکانی تۆپی پێ گۆڕانکاری بەسەردا هات، بۆیە پێدانی بالۆن دۆر بە هەر یاریزانێک بە دادگەری نابینن و ئەم ساڵ ئەو خەڵاتە نابەخشن.

پابەند دەبین

خەبات XEBAT

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

Wed. 22 Jul. 2020 No.:(5978)

خاوەنی ئیمتیاز

عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین

دڵشاد مستەفا وەسانی

dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر

سەلام عەبدوڵڵا

07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری

شکار عفان نەقشبەندی

shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگ

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

سەروان عیسا: هیوادارم لایەنی پەیوەندیدار پشتگیری لە هونەرمەندان بکەن، بۆ ئەوەی لە کارەکانیان بەردەوام بن



خەبات: رانیار دڵشاد

سەروان عیسا لە ساڵی 1987 لە شارۆچکەی پیرمام سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایک بووە، لە 2005 کاری هونەری دەستی دەستپێکردووە، لەنێو کارەکانیدا زۆربەی شوێنە کلتووری و مۆنۆمێنتەکانی شارەکان بەبچووک کراوەیی دروست کردووە.

کەرەستەی ئەو ماددانەی بۆ کارەکانم بەکاریان دەهێنم، خۆم دروستیان دەکەم

لەبارەی کەرەستەی ماددەکان و ئەو شوێنانەی تا ئێستا دروستیکردوون، سەروان عیسا گوتی: زۆربەی ئەو کەرەستانەی بۆ ماددەکان بەکاریان دەهێنم، خۆم دروستیان دەکەم، بەڵام بەشێکیان لە دەرەوە دەهێنم، زیاتر ئەو شوێنانەم دروستکردوون کە وەک رەمزێکی کوردستان ماونەتەوە، ئەوانیش (قەڵای خانزاد، منارەی چۆڵی، ئاشی ئاوی کفری، پردی دەڵال لە زاخۆ، پردی شەمزینان لە باکووری کوردستان.

لەبارەی دروستکردنی کۆمەڵگای زۆرەملێی بارزانیەکان و پێشکەشکردنی دیاری لەلایەن بەرێوەبەری مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان، سەروان عیسا گوتی: ساڵی 2017 دەستم بە دروستکردنی کۆمەڵگای زۆرەملێی بارزانیەکان بەشێوەی بچووککراوەی کرد، ماوەیەکی زۆری خایاند تا تەواومکرد، دواتر وەک دیاری پێشکەشی (مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان) کرد، ئێستا لەوێ نمایش کراوە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان لەنزیکەوە ئاشنای بین، لەپای ماندووبوونی ئەو کارەم بەرێوەبەری مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان سووپاس و خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشیم.

لەبارەی بەشداریکردن لە پێشانگا و وەرگرتنی خەڵاتی ڕێزلێنان، سەروان عیسا گوتی: ساڵی 2017 بەشداربووم لە پێشانگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گەشتیاری لە شاری هەولێر، لەلایەن دەستەی گشتی گەشتوگوزار خەڵاتی ڕێزلێنانم پێبەخشرا، دەمەوێت لێرەوە زۆر سووپاسی نادر روستی وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزار بکەم، کە پاڵپشتی کردووم بۆ بەشداریکردنم لە پێشانگاکان، ساڵی 2018 لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم بەشداری پێشانگای هاوبەشی (هێزەکانی پێشمەرگە و پۆلیس و گروپی ڕەنجی هونەری) بووم، لەلایەن بەرێوەبەری گشتی پۆلیسی هەرێم خەڵاتی ڕێزلێنانم پێبەخشرا، لەپای دروستکرنی سەنگەری پێشمەرگە بە بچووککراوەیی هونەریم نمایش کرد، باسی قۆناخی دوای جینۆسایدی بارزانیەکانم بۆ باڵیۆز و کونسوڵی وڵاتان کرد.

لەبارەی پاڵپشتی بۆ کارەکان و دواین کار و پڕۆژەی نوێیانەوە، سەروان عیسا گووتی: دواین کارم دروستکردنی چوار ڕیانی (هەژار موکریانی) پیرمام بووە، لە 5-8-2019 دەستمکرد بەدروستکردن لە 11-9-2019 تەواومکرد، جگە لە خانەوادەکەم تاوەکو ئێستا هیچ پاڵپشتییەکی ماددی بۆ کارەکانم نەبووە، لە ئێستادا وەک قوتابی لە وڵاتی ڕوسیا دەخوێنم، بۆیە کارەکانم ڕاگرتووە، تەنیا لە ماوەی کەرەنتینەدا بەهۆی هەبوونی کاتی زۆر 10 تابلۆم دروست کردووە، دەمەوێت لەڕێگای هونەرەوە ئەو پێکەوەژیانەی کەلە هەرێمی کوردستاندا هەیە نیشانی خەڵکی دەرەوە بدەم، هیوادارم لایەنی پەیوەندیدار پشتگیری لە هونەرمەندان بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن لە کارەکانیان بەردەوام بن، لە کۆتایدا زۆر سووپاسی ڕۆژنامەی خەبات دەکەم کە ڕێز لە ماندووبوونی هونەرمەندان دەگرێت.







تا ئێستا دوو پێشانگای کاری دەستیم لە هەولێر و پیرمام کردۆتەوە



جێنیفەر لۆپزی ڕوسی بووە سەردێڕی هەواڵەکان

کچێکی 19 ساڵانی ڕوسی بە هۆی لێکچوونی لەڕادەبەدەری بە جێنیفەر لۆپز بووە جێی سەرنجی میدیاکان و بەکارهێنەرانی سۆشیاڵ میدیا لە جیهاندا.

(ناتالیا میر سکیك) کە بە هۆی ئەو لێکچوونە ناوبانگێکی باشی بەدەستهێناوە، بەڵام دیارە بەو ناوبانگە خۆشحاڵ نییە و دەڵێت: بۆ من هیچ سەرنجڕاکێش نییە کە خەڵك من بە ئەستێرەیەکی پەنجا ساڵان بچوێنن، لە حاڵێکدا نەگەیشتوومەتە تەمەن 20 ساڵی، بۆیە بە لای منەوە ئەوە زۆر بێ مانایە.

ناتالیا کە مۆدێلی جل و بەرگە وتی: کاتێك تەمەنم 14 ساڵان بوو بۆ یەکەمجار کەسێك پێی وتم لە جێنیفەر لۆپز دەچم، بەڵام من لەو تەمەنە جێنیفەرم نەدەناسی و کاتێك دەستم بە کاری مۆدێلینگ لە بورای مۆدە و جل کرد، مێکاپ ئارتیستەکان میکیاژ و شێوازی پرچێکی وەك جێنیفەریان بۆ هەڵبژاردم و لە کۆتایی مێکاپەکە ئەو لێکچوونە بۆ منیش بووە جێی سەرسوڕمان.

چۆن لەکاتی وەرگرتنی دیلیڤەریدا خۆمان بە دوور بگرین لە ڤایرۆسی کۆرۆنا؟

فەرمانگەی میدیا و زانیاری

دەستکێش و ماسک بەکاربهێنە لە کاتی وەرگرتنی دیلیڤەریەکەدا

هەوڵبدە هیچ بەریەککەوتنێکت لەگەڵ بەرامبەردا نەبێت

ئەو کیسەیەی کاڵاکانی تێدایە بە وریاییەوە فڕێ بدە

پاشان دەستکێش و ماسکەکەت بە وریاییەوە دابکەنە و دەستەکانت بۆماوەی 20 چرکە بشۆ

#پابەندین

www.gov.krd

پێکەوە ڕووبەڕووی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبینەوە